بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

# پەیڕەوی ناوخۆی

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

٢٠١٤

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

www.slemanipc.org

## پەیڕەوی ناوخۆی
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی پاڵپشـت بەبـڕگەی یەکەم و یـازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (10) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بە پێـی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی لە کۆبـونەوەی ئاســایی ژمــارە (81) هەشــتاو یەکــی ئاســایی خۆیــدا لە ڕێکەوتــی (2022/9/20) لە هۆڵی کۆبونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێــز ســەرۆکی ئەنجــومەن و ئامــادەبوونی دەســتەی ســەرۆکایەتی و ئامادەبوونی (27) ئەندام لە کـۆی (32) ئەنـدامی ئەنجـومەن لە ڕێکەوتـی (2022/7/11) و کۆبونەوەی سەرۆکایەتی و سەرۆی لیژنە هەمیشەییەکان لە 2022/1/16 و فە رمــانی نــاوخۆی ئەنجــومەن ژمــارە (45) لە 2022/1/23 پێکهێنانی لیژنەیەك لە کـۆی فراکسـیۆنەکان بە سەرپەرشتی بەڕێز (مەهدی محمود محمد) سکرتێری ئەنجـومەن و دانیشـتنی هەشـتەمی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ ئەنجومەن بڕیاریدا بە-:

١. پەسەندکردنی هەمواری بەشـێك لەمـاددە و بڕگەکـانی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەن لە دانیشـتنی هەشـتەمی کۆبـونەوەی ژمـارە (81) ی ئاسـایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی 2022/9/20 بە ژمارەی لیژنەکان کە (9) لیژنەیە و پێکهاتەی لیژنەکان و کۆی هەموارەکە.

٢. بەدەنگی (27) بیست و حەوت ئەندام پەسەند کرا

ئازاد محەمەد ئەمین

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
www.sulimanipc.org

## بەشی یەکەم

## دروشم و پێناسەکان

### ماددەی (١):

**ناو:** ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

### ماددەی (٢):

**دروشم:** (چاودێری، هەماهەنگی، ئاوەدانی).

### ماددەی (٣):

**پێناسەی لۆگۆ:** بریتیە لە دوو بازنە لەناو یەکدا کە بەهەر سێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەسەری نووسراوە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لە ناوەوەش ئاڵای کوردستان نەخشێنراوە لەگەڵ وێنەی هاووڵاتی و چیا و کتێب، هەروەها مێژووی دروستبوونی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ساڵی (2005)ە وە دوو گوڵە گەنم لەدەوری بازنەکەدایە.

### ماددەی (٤):

**ئامانج:**

ئەم پەیڕەوە لەپێناو چەسپاندن و کاراکردنی سیستمی ناناوەندێتیی (لامەرکەزیی) کارگێڕیی و داراییە، بۆ باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕیی و خزمەتگوزارییەکان و چاودێریکردنی پارێزگا و یەکە کارگێڕییەکان.

## **ماددەی** (٥):

### واتای زاراوەکان:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق.

**ئەنجومەنی وەزیران:** ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆ.

**ئەنجومەن:** ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

**پارێزگا:** پارێزگای سلێمانی.

**سەرۆك:** سەرۆکی ئەنجومەن.

**جێگر:** جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.

**سکرتێر:** سکرتێری ئەنجومەن.

**ئەندام:** ئەندامی ئەنجومەن.

**نوێنەر:** ئەندام ئەنجومەنە کە نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەکات.

**یەکەی کارگێڕی:** (قەزا، ناحیە).

**دەستەی سەرۆکایەتی:** سەرۆکایەتی ئەنجومەن (سەرۆکی ئەنجومەن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، سکرتێری ئەنجومەن).

**یاسا:** یاسای هەمواركراوی ژمارە (3) ی ساڵی (2009) ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

**پەیڕەو:** پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.

**کۆبوونەوە:** کۆبونەوەی ئاسایی و نائاسایی ئەنجومەن.

**دانیشتن:** دانیشتنەکانی ناو کۆبوونەوەیەکی دیاریکراو.

**خولی هەڵبژاردن:** ماوەی چوارساڵی ساڵنامەیی.

**زۆرینەی ڕەها:** (نیوەی تەواوی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن +١)
**زۆرینەی سادە:** (نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئامادەبووی کۆبونەوە +١)، لەدوای تەواوبوونی ڕێژەی یاسایی (النصاب القانونی) ژمارەی پێویستی یاسایی کۆبونەوە، بەڵام ئەگەر لە دەنگداندا سێ جۆر پێشنیاز هەبوو، دەنگی براوە لەسەر پێشنیازەکە زۆرینەی سادەیە.
**ڕێژەی یاسایی** (النصاب القانونی) ژمارەی پێویستی یاسایی کۆبوونەوەو دانیشتنەکان، (نیوەی ژمارەی ئەندامان+١).
**خاڵی پەیڕەو (نقطة نظام):** ئاماژەیە بۆ لانەدان لە بنەماو پەیڕەو و یاسا و بەرنامەی کۆبونەوە.

## بەشی دووەم
## حوکمە گشتییەکان

### ماددەی (٦):

**یەکەم:** سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و ئەو ئەنجومەنە خۆجێیانەی لەداهاتوودا هەڵدەبژێردرێن، یان دروستدەکرێن لە ئیدارە سەربەخۆو قەزاو ناحیەکاندا پابەندی ئەم پەیڕەوە دەبن.
**دووەم:** پەیوەست بەو یەکە ئیدارییە نوێیانەی دروستدەکرێن، تا ئەوکاتەی هەڵبژاردنیان تێدادەکرێت، یان پەرلەمان یاسا یان بڕیارێك لە بارەیانەوە دەردەکات، پابەند دەبن بەم پەیڕەوەوە.

**سێیەم:** ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەنددەکرێت.

**چوارەم:** مەبەست لەم پەیڕەوە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن و ڕێوشوێنی کۆبونەوەکان وبەدواداچوونی پێویستە بۆ کێشەو گرفت و داواکاری هاوڵاتیان.

**پێنجەم:** ئەم پەیڕەوە لەسەر پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتی یان پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن و بەڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن، دەکرێت هەمواربکرێتەوە.

## ماددەی (٧):

**یەکەم:** ئەنجومەنی پارێزگا لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ پێکدەهێنرێتو دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنوری کارگێڕی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە پەیڕەو و بڕیار و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیی و دارایی و نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتیی پارێزگا لە سنوری پارێزگادا دەربچوێنێت، تاوەکو بتوانێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بکات بەپێی پرەنسیپی لامەرکەزی بەڕێوەبردنی کارگێڕی، بەجۆرێکی وا ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا.

**دووەم:** ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (٣٢) ئەندام پێکدێت، بەڕەچاوکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان کە لە (٣٠٪) ی ژمارەی ئەندامانی کەمترنەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەنی پارێزگا لە کارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت تا هەڵبژاردنی خولی نوێ.

**چوارەم:** ئەم پەیڕەوە ئازادیی ڕادەربڕین بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجومەن فەراهەم دەکات، بەجیاوازی بیروبۆچوونیانەوە، هەروەها دەستەبەری ئازادیی بەرهەڵستکاریی بابەتییانەو ڕەخنەی بنیاتنەر دەکات.

## ماددەی (٨):

**یەکەم:** پارێزگار لەماوەی (١٥) پانزدە ڕۆژدا لەدوای پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە بانگەواز دەکات بۆ ئەنجامدانی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگا، لەبارێکدا ئەگەر پارێزگار بانگەوازی بۆدانیشتنی ئەنجومەن نەکرد؛ ئەوا ئەنجومەنی پارێزگا خۆبەخۆ کۆدەبێتەوە لە کاتژمێر (١٢) دوانزدەی ڕۆژی شانزدەیەم لە ڕۆژی پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە.

**دووەم:** یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگا بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندامی ئەنجومەنەکە دەبێت کەلە کۆبونەوەکە ئامادەیە.

**سێیەم:** ئەندامانی ئەنجومەن لەیەکەم دانیشتنداو پێش ئەوەی دەست بەکارەکانیان بکەن، سوێندی یاسایی دەخۆن لەبەردەم ئەنجومەنداکە لە بڕگەی یەکەمی مادده (١٦) ی یاساکەدا هاتووە، کە ئەمەیە (سوێند بەخودای گەورە دەخۆم؛ پارێزگاری لە یەکێتی هەرێمی کوردستان - عێراق و سەلامەتیی خاکەکەی بکەم، چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم و پابەند ببم بە دەستور و یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا، بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و دەسپاکی و بێلایەنییەوە کاری خۆم ئەنجام بدەم.. خوداش شاهێدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

**چوارەم:** هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی دەبێت.

**پێنجەم:** دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کەپێکدێت لە: سەرۆكو جێگری سەرۆكو سکرتێری ئەنجومەن، سەرۆکی کاتیی داوایان لێدەکات بچنە شوێنی تەرخانکراوی خۆیان.

## بەشی سێیەم
## دانیشتنەکان

### ماددەی (٩):

**یەکەم:** دانیشتنەکان لە تەلاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕێکدەخرێن، هەروەها دەکرێت لە هەر شوێنێکی دیکەی فەرمی گشتیی ئەنجامبدرێن کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن لە سەری پێکدێن و پێویستە پێش (٣) ڕۆژ هەموو ئەندامەکان بە فەرمی ئاگاداربکرێنەوە.

**دووەم:** هیچ دانیشتنێك بەبێ بەرنامەی كاری پێشوەخت، ناكرێت.

**سێیەم:** پێویستە وێنەیەكی كارنامەی كۆبونەوە بە (٣) ڕۆژ پێش كۆبوونەوەكە بدرێتە ئەندامانی ئەنجومەن تا بتوانن تێبینی و سەرنجی خۆیانی لەسەر بدەن.

**چوارەم:** سەرۆك فراكسیۆنەكان بۆیان هەیە (٢٤) كاتژمێر پێش كۆبوونەوە، بابەتی تازە بخەنە ناو بەرنامەی كارەوە بەمەرجێك بابەتەكە گشتیی و لەناكاو و بەپەلە بێت.

**پێنجەم:** دانیشتن ناكرێت، تەنها بە ئامادەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەن نەبێت.

**شەشەم:** لە كاتی ئامادەنەبوونی ڕێژەی پێویستی ئەندامان، ئەوا سەرۆكی ئەنجومەن كردنەوەی دانیشتنەكە نیو كاتژمێر دوادەخات، ئەگەر هەر ڕێژەی یاسایی تەواو نەكرا سەرۆك دواخستنی دانیشتنەكەو دیاریكردنی كاتێكی دیكە بۆ كۆبوونەوەكە ڕادەگەیەنێت. ئەندامی ئامادە نەبوو بە نەهاتوو دادەنرێت، ئەگەر پاساوێكی گونجاوی نەبوو بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەكان مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت.

**حەوتەم:** سەرۆكی ئەنجومەن یان زۆرینەی سەرۆك فراكسیۆنەكان یان سێیەكی ئەندامان، دەتوانن داوای كۆبوونەوەی نائاسایی بكەن.

**هەشتەم:** سەرۆكی ئەنجومەن دەتوانێت داوای كۆبونەوەی نائاسایی بكات لەسەر داوای پارێزگار.

**نۆیەم:** کۆبونەوەی ئەنجومەن زۆرتر بۆ بابەتە گرنگەکان و دەنگدان تەرخاندەکرێت، هەرچی گفتوگۆ درێژ خایەنەکانە لە کۆبونەوەی لیژنەکاندا ئەنجامدەدرێن.

**دەیەم:** کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەن لە ڕۆژانی چوارشەممان گرێدەدرێت.

**یانزدەیەم:** ئەو بابەتانەی بۆ بڕیار لەسەردان ئامادە دەکرێن، سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە ڕێگای پێکهاتەی کارگێڕیی خۆیەوە بەلایەنی کەمەوە (٣) ڕۆژ بەر لەوادەی کۆبونەوەی ئەنجومەن، دەخاتە بەردەست ئەندامانی ئەنجومەن.

## ماددەی (١٠):

**یەکەم:** بۆ هەر یەکێك لە بابەتەکان سەرۆکی ئەنجومەن داوا لە لیژنەکان دەکات ڕاپۆرتەکانی خۆیان بخوێننەوە، پاشان بواری گفتوگۆ دەکرێتەوە و هەر ئەندامێك لە سەر کۆی ڕاپۆرتەکە دەتوانێت (٣) خولەك قسە بکات و دووبارە نابێتەوە تەنها لە بارێکدا نەبێت کە بابەتێکی نوێ بێت.

**دووەم:** لە دوای کۆبونەوەکان بڕیارەکان لەلایەن ئەندامانەوە واژۆ دەکرێت.

**ماددەی (١١):**

دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە ئاشکرا دەبن، هاووڵاتیان و نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆیان هەیە لە دانیشتنەکاندا ئامادە بن، ڕاستەوخۆش دانیشتنەکان بۆ هاووڵاتیان پەخشبکەن، تەنها لە بارێکدا نەبێت کە بارودۆخەکە پێچەوانەکەی پێویست بکات، ئەویش لەسەر داوای سەرۆك یان لەسەر پێشنیازی پارێزگار یان (١٠) لە ئەندامانی ئەنجومەن و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان لەو کاتەشدا هیچ کەسێك جگە لە ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەی دانیشتنەکە نابێت.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن لەبەر هەر هۆیەکی یاسایی ڕێگەی پێدراو نەیتوانی ئامادەبێت، ئەوا جێگری سەرۆکی ئەنجومەن دانیشتنەکە بەڕێوەدەبات.

**دووەم:** لەبارێکدا ئەگەر هەریەك لە سەرۆك و جێگری سەرۆك لەبەر هەر هۆیەك نەیانتوانی سەرپەرشتی دانیشتنەکەی ئەنجومەن بکەن، ئەوا لەبەر پێویستی کۆبوونەوەکە سکرتێری ئەنجومەن سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات.

## ماددەی (١٣):

### پڕۆتۆکۆلی بەڕێوەبردن‌و گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکاندا.

**یەکەم:** سەرۆکی ئەنجومەن بەپێی زنجیرەی تۆمارکراو ڕێگە بە ئەنــــدامان دەدات ئەوانــــیش لە جـــێگەی خۆیـــانەوە (واتە هەر بەدانیشـتنەوە) ڕوو دەکەنە سـەرۆك و قسـەدەکەن بە دەسـتپێکی (بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن).

**دووەم:** پێویســـتە لەســـەر ئەنـــدامان هەمـــوو گـــوێبگرن و هـــیچ گفتوگۆیەکی لاوەکیی نەکەن.

**سێیەم:** سـەرۆکی ئەنجـومەن دەتوانێـت قسـە بەئەنـدامان ببڕێـت ئەگەر قسەکانی دووبارە بوو، یان لەبابەتی کۆبونەوەکە دەرچوو، یـــان زیـــاتری خایانـــد لەو کـــاتەی کەبـــۆی دیـــاریکراوە، یـــان وەلامدانەوەو قسەکردن بێت لەسەر قسەی ئەندامێکی دیکە.

**چوارەم:** واژۆی ئەندامانی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکە وەردەگیرێت

**پێنجەم:** جێگری سەرۆك ناوی ئەو ئەندامانەی کە ئامادەنەبوون، یـــان مۆڵەتیـــان وەرگرتـــووە دەخـــوێنێتەوە لەگەڵ کـــورتەیەك لە کۆبونەوەی ڕابردوو .

**شەشەم:** سەرۆك لەکاتی پێویستدا بڕیار لەسەر پشوودانێك دەدات کە لە نیو کاتژمێر زیاتر نەبێت.

**حەوتەم:** هیچ ئەندامێك بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت لە سـەرۆکایەتیی، کۆبونەوەکە بەجێناهێڵێت.

**هەشتەم:** ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە خاڵی پەیڕەوی (نقطة نظام) بخاتەڕوو لەکاتی گفتوگۆکاندا ئەگەر سەرپێچی لە یەکێك لەمادده یاساییەکان یان دەستوری هەرێم یان حکومەتی فیدراڵی یان پەیڕەو، یان زیادەڕۆیی لەسەر خشتەی کاری دانیشتن ئەنجامدرا، پێویستە ئەو مادده یاساییەی کە سەرپێچی، یان پێچەوانەیە ژمارە و دەقەکەی دیاریبکات.

## بەشی چوارەم

## دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن

### ماددەی (١٤):

**یەکەم:** یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەن لەلایەن بەتەمەنترین ئەندام سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەرکەکەی لە بەڕێوەبردنی دانیشتنی یەکەم وکاری هەڵبژاردنی (سەرۆكو جێگرو سکرتێر)ی ئەنجومەنە.

**دووەم:** سەرۆکی کاتیی ئەنجومەن داوا لە ئەندامانی ئەنجومەن دەکات: ئەندامێك دەستنیشان بکەن یان هەڵبژێرن بۆهاوکاریکردنی سەرۆك لە بەڕێوەبردنی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەندا.

### ماددەی (١٥):

**یەکەم:** سەرۆکی کاتیی ئەنجومەن لەدوای سوێندخواردنی یاسایی ئەندامانەوە، دەرگای خۆپالاوتن بۆ سەرۆکی ئەنجومەن و جێگر وسکرتێر دەکاتەوە.

**دووەم:** دوای داخستنی دەرگای خۆپالاوتن، کاری هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرو سکرتێر بەڕێگەی هەڵبژاردنی ئاشکراو ڕاستەوخۆ دەستپێدەکات.

**سێیەم:** لەسەرداوای دەنگی زۆرینەی سادەی ئەندامانی ئەنجومەن، دەکرێت دەنگدان بکرێتە نهێنی و ڕاستەوخۆ.

## ماددەی (١٦):

**یەکەم:** ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی داوای بەخشینی لە پلەکەی کرد، لەدوای ڕەزامەندی دەربڕین لەلایەن زۆرینەی ڕەهاوە پەسەند دەکرێت، بەلام ئەگەر زۆرینەی ڕەهای بەدەستنەهێنا وهەر سوربوو لەسەر وازهێنان، لێی پەسەند دەکرێت.

**دووەم:** ئەگەر پۆستی سەرۆك، یان جێگر بەهەر هۆیەك چۆڵ بوو بۆ ماوەی (2) دوو مانگ، ئەنجومەن جێگرەوەیەك لە شوێنی دادەنێت وەك لە بڕگەی (1)ی ماددەی (6)ی یاساکەدا هاتووە.

**سێیەم:** ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن لەبەر هەرهۆکارێك کە یاسا ڕێگەی پێداوە نەیتوانی ئامادەبێت، ئەوا جێگری سەرۆکی ئەنجومەن کارەکانی سەرۆك ڕادەپەڕێنێت تا ئەوکاتەی سەرۆك ئامادە دەبێت، بەمەرجێك پێچەوانەی بڕگەی (دووی ئەم ماددەیە) نەبێت.

**چوارەم:** ئەگەر سکرتێری ئەنجومەن بۆ هەر کۆبوونەوەیەك ئامادەنەبوو، دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامێکی کاتیی بۆ ئەو کارە ڕادەسپێرێت.

# بەشی پێنجەم

# ئەرك‌و دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی پارێزگا

## ماددەی (١٧):

**یەكەم:** هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٦)ی یاساكەو ماددەی (١٦)ی پەیڕەودا هاتووە.

**دووەم:**

١. لەسەركارلادانی سەرۆكی ئەنجومەن یان جێگرەكەی، لەسەر داوای سێیەكی ژمارەی ئەندامانی‌و بەڕەزامەندیی (دوو لەسەر سێی ئەندامان)، سەرۆك یان جێگرەكەی بەلادراو دادەنرێن هەركاتێك مەرجێكی ئەندامێتیی لەدەستبدات، یان یەكێك لە هۆیەكانی بڕگەی دووەمی مادەی (٦)ی یاساكەی تێدابوو.

٢. سەرۆك یان جێگرەكەی یان هەر ئەندامێك بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە دادگای كارگێڕی تایبەت، لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا لە دوای پێڕاگەیاندنی بڕیارەكە بەپێی حوكمەكانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی كوردستان _ عێراق ژمارە (١٤)ی سالّی (٢٠٠٨).

**سێیەم:**

١. هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن یان (لە دەرەوەی ئەنجومەن) بەزۆرینەی ڕەها لەخولی یەكەمی هەڵبژاردنی نێوان ئەندامانی ئەنجومەن (گەر هیچ كاندیدێك ئەو ڕێژەیەی

بەدەستنەهێنا) ئەوا لەخولی دووەمی هەڵبژاردن کێبڕکێ دەکەوێتە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە، کامیان زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا دەبێتە پارێزگار بەپێی خاڵی (٢)ی بڕگەی سێیەمی مادە (٦)ی یاساکە.

٢. دەربڕینی ڕەزامەندیی بەزۆرینەی ڕەها بۆ کاندیدکردنی سێ پاڵێوراو لەکۆی پێنج پاڵێوراو کە پارێزگار پێشنیازیان دەکات بەمەبەستی پڕکردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگارو دامەزراندنی دووانیان، بەفەرمانێك دەبێت کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

٣. دەربڕینی ڕەزامەندیی بەزۆرینەی ڕەها بۆ کاندیدکردنی سێ پاڵێوراو لەکۆی پێنج پاڵێوراو کە پارێزگار پێشنیازیان دەکات بەمەبەستی پڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسنوری پارێزگاداو دامەزراندنی یەکێکیان بەفەرمانێك دەبێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**چوارەم:** پێشنیازکردن بۆ دەرچواندنی یاسا خۆجێیەکان (لۆکاڵیەکان) و دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیی و دارایی بەو شێوەیەی بتوانێت کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات بەپێی پرنسیپی لامەرکەزیی کارگێڕیی و بەشێوەیەك پێچەوانەی دەستور ویاسا کارپێکراوەکان نەبێت.

**پێــــنجەم:** بــۆجێبەجێکردنی سیســـتمی لامەرکەزی پێویســـتە پارێزگـــار لەکـــاتی جێبەجێکردنـــی کـــارو پرۆژەکانـــدا ڕاوێـــژ بەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگـا (نوێنەری ناوچەکان)بکات لە هەمـــوو بوارەکانـــداو... بەهەمـــاهەنگی دوولایەنە لەگەڵ ئیـــدارە خۆجێیەکـانی قەزاو ناحیەکـان، لەکـاتی بـوونی نـاکۆکی بـۆ گەیشتن بەبڕیاری کۆتایی ئەولەویەت (یەکەمینە گرنگەکان) بۆ بڕیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

**شەشـــەم:** نەخشەکێشـــانی سیاســـەتی گشـــتیی پارێزگـــا و دەستنیشـــانکردنی ئەولەویەت لەبوارەکانـــدا و دانـــانی پلانـــی ســـتراتیژی بـــۆ گەشـــەپێدان بەشـــێوەیەك کە پـــێچەوانەی گەشـەپێدانی نیشـتمانیی نەبێـت، لەکـاتی بـوونی ناکۆکییـدا بڕیارەکانی دادگای کارگێڕی یەکلاکەرەوە دەبێت.

**حەوتەم:** ئەنـــــدامانی ئەنجـــــومەن لەبەرئەوەی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون؛ پێویستە ڕۆڵ و پلەیان پارێزراو بێت و پارێزبەندییان هەبێت.

**هەشـــتەم:** پێشـــنیازی لەســـەرکارلادانی بەڕێوەبەرەگشـــتیەکان لە سنوری پارێزگادا بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، لەسەر داوای پارێزگار، یان پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی و بەرزکـــردنەوەی لە ڕێگـــای وەزیـــری پســـپۆڕەوە بـــۆ ئەنجـــومەنی وەزیـران، ئەنجـومەنی وەزیـرانیش مـافی لادانـی هەیە بە پشتبەسـتن بەخاڵی (١)ی بڕگەی دووەمی مادده (٦)ی یاساکە.

**نۆیەم:** پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامان لەماوەی یەك مانگ دوای دانیشتنی یەکەمەوە پەسەندبکرێت.

**دەیەم:** پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەوخەڵات و بەخششانەی کەپێشکەش بە ئەنجومەنی پارێزگا دەکرێن، بەدەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

**یانزدەیەم:** دەستنیشانکردنی گرنگترین کارەکان، لە پێشینەکان (یەکەمینە گرنگەکان) لە هەموو بوارەکانداو دانانی نەخشەی سیاسەتەکانی و دانانی پلانە ستراتیژەکان بۆ گەشەپێدانی، بەشێوەیەك پێچەوانەی گەشەپێدانی نیشتمانی نەبێت.

**دوانزدەیەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی پەسەندبکات، یان دیزاینی کردنەوەی یەکە کارگێڕیەکان لە پارێزگادا دووبارەبکاتەوە.

**سیانزدەیەم:** لێپێچینەوە لەگەڵ پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامان دەبێت و..، لەکاتی باوەڕنەهێنانی زۆرینەی سادە بەوەڵامەکانیان، داوای لادانیان لەدانیشتنی دووەمدا دەخرێتە دەنگدانەوە و پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی بەلادراو دادەنرێن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەن بەزۆرینەی (دوو لەسەر سێی) ئەندامانی و داواکاریی لادانەکە یان ڕاسپاردنی دەبێت پشت بەیەکێك لەو هۆیانە

ببەستێت کە لەخاڵی (١)ی بڕگەی دووەمی مادە (٦)ی یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە.

**چواردەیەم:** دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی خۆجێیی هەموو بڕیارو پەیڕەو و ڕێنمایی و ئەو فەرمان و چالاکیانەی تێدابڵاوبکرێتەوە کە ئەنجومەن دەریاندەکات.

**پانزدەیەم:** ئامادەکردنی پڕۆژە بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە پڕۆژەی بودجەی پارێزگا.

**شانزدەیەم:** پەسەندکردنی پڕۆژە بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوەو بەڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان ڕەوانە کراوە، بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستمیەکان لە دابەشکردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان ڕەچاوبکرێت، پاشان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم بەرزبکرێتەوە.

**حەڤدەیەم:** چاودێریکردنی گشت چالاکیەکانی دەستە خۆجێیە جێبەجێکارەکان بۆزامنکردنی باش جێبەجێکردنی کارەکانی، جگە لەو دەستەو فەرمانگانەی کە لە بڕگەی (١١)ی ماددەی (٦)ی یاساکەدا ئاماژەیان پێدراوە.

**هەژدەیەم:**

١. دەربڕینی ڕەزامەندیی بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن لەسەر پێشنیازی بەجێگەیاندنی گۆڕانکاری کارگێڕی لەقەزاو ناحیەو گوندەکان بەلێکدانیان و لەنوێ دانان و گۆڕینی ناوو سەنتەرەکانیان و...، ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لەپێکهاتەی

کارگێڕی لەچوارچێوەی سنووری پارێزگادا، ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت.
٢. پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی‌و کاتیی لەنێوان ئەندامانی، بۆ چاودێریکردنی دەزگا یان چالاکی دەستەکانی جێبەجێکار لەسەر ئاستی پارێزگا، لیژنەکە بۆی هەیە پشت بەشارەزاو ڕاوێژکاران ببەستێت.

**نۆزدەیەم:** پێشنیازی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان لەحاڵەتی ڕوودانی کارەساتدا، داوا لەحکومەتی هەرێم بکات لەسنوری پارێزگادا یارمەتی پێشکەش بکات.

**بیست:** لەسەرداوای پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن لەهەر کاتێکدا، ئەنجومەن بۆی هەیە داوای ئامادەبوونی هەر فەرمانبەرێك بکات لەو کاروبارەی کەپەیوەندی بە فەرمانەگەکەیەوە هەیە.

**بیستویەك:** ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنەکانی شارەوانی بۆ یەکەکارگێڕیەکان بە پەیڕەوێکی تایبەت پێکدەهێنێت، کە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازی وەزارەتی شارەوانی دەریدەکات.

**بیستو دوو:** ئەنجومەنی پارێزگا، دەکەوێتە بەرچاودێریی پەرلەمانی کوردستان.

**بیستو سێ:** ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە پێشنیازی هەموارکردنو گۆڕینی ناوو سەنتەری قەزا بکات بۆ وەزارەتی

ناوخۆ، ئەمەش بەڕەزامەندیی وەزیری ناوخۆ و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە جێبەجێدەبێت.

## بەشی شەشەم

## ئەرك ودەسەڵاتەكانی سەرۆكی ئەنجومەن

### ماددەی (١٨):

سەرۆكی ئەنجومەن، پابەندەبێت بە پەیڕەوكردنی دەستووروو یاساو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەوە.

### ماددەی (١٩):

سەرۆكی ئەنجومەن نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەكات لەبەرامبەر دامەزراوە فەرمیەكاندا و بەناوی ئەنجومەنەوە قسەدەكات.

### ماددەی (٢٠):

كردنەوەی دانیشتنەكانی ئەنجومەن و سەرۆكایەتیكردنیان و داخستنی كۆبونەوەكان ودواخستنیان بەپێی بڕگە (٥) و (٦)ی ماددە (١٠)ی ئەم پەیڕەوە.

### ماددەی (٢١):

١. بەڕێوبردن وڕێكخستنی دانیشتنەكان و ڕاكێشانی سەرنجی قسەكەر بۆ پابەندبوون بە بابەتەكەوە.
٢. لە دانیشتنەكانی ئەنجومەن ئەگەر ئەندامێك پشێویی دروستكردو بووە هۆی تێكدانی كۆبونەوەكە؛ ئەوا سەرۆكی

ئەنجومەن دوای ئاگادارکردنەوەی ئەندامەکە، بۆی هەیە بێبەشی بکات لەو دانیشتنە.

**ماددەی** (٢٢):

**یەکەم:** خستنەڕووی ئەو بابەتانەی پێویستە دەنگیان لەسەر بدرێتو.. ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەیان.

**دووەم:** نوێنەرایەتی ئەنجومەن دەکات لەبۆنە نیشتمانیەکان و بۆنەکانی دیکە و بۆی هەیە جێگر، یان سکرتێر، یان ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەن بۆ ئەومەبەستە ڕابسپێرێت.

**سێیەم:** سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی و سەرجەم کاروبارەکانی ئەنجومەن دەکات.

**ماددەی** (٢٣):

واژۆکردن لەسەر نوسراوە فەرمی و نافەرمییەکان و کارنامەی لێکگەیشتنەکان کە پابەندبوونیان تێدانییە بۆ ئەنجومەن.

**ماددەی** (٢٤):

**یەکەم:** سەرۆکی ئەنجومەن سەرپەرشتیی کاروباری لیژنەکان دەکات و هەوڵی پێویست دەدات بۆکاراکردنیان.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بەجێگرەکەی بدات.

**سێیەم:** بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن، چاودێری و سەرپەرشتی کاری سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی

ئەنجومەن و بەگەڕخستنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی لەم بوارەدا دەکات، بەڕەچاوکردنی یاسا.

**چوارەم:** مۆڵەتی ئاسایی بە جێگرو سکرتێرو ئەندامان دەدات لەکاتی پێویستدا.

**پێنجەم:** دوای بەدەستهێنانی ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوە، لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا، دەنگی ئەو لایە پەسەندەکرێت کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

**شەشەم:** نووسراو بۆ دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکانی دەرەوەی ئەنجومەن بە واژۆی سەرۆکی ئەنجومەن دەبێت.

**حەوتەم:** سەرۆك بۆی هەیە داوا لە هەر لیژنەیەك بکات بۆ ئامادەکردن و توێژینەوەی هەر کارێکی گرنگ و پێویست.

**هەشتەم:** سەرۆکایەتی و ئەندامان پابەند دەبن بەجێبەجێکردنی پەیڕەوی هەموارکراوەوە.

## بەشی حەوتەم

## ئەرك‌ودەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن

### ماددەی (٢٥):

**یەکەم:** چاودێریی کردنی کاروباری لیژنەکانو بەدواداچوونیان، پاشان پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بە سەرۆکی ئەنجومەن لە بارەیانەوە.

**دووەم:** لەدانیشتنی تازەدا کورتەی کۆنووسی دانیشتنی ڕابردوو دەخوێنێتەوە، لەگەڵ ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو.

**سێیەم:** بەشداریی لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتیدا دەکات.

**چوارەم:** سەرپەرشتییکردنی کاروبارە کارگێڕییەکانی ناو ئەنجومەن و ئاڕاستەی نوسراوەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری دەکات بەپێی ئەو دەسەڵاتەی سەرۆك بۆی دیاریدەکات.

**پێنجەم:** بەجێگەیاندنی ئەو دەسەڵات و ئەرکانەی کە لەلایەن سەرۆکەوە پێیدەدرێت.

**شەشەم:** لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکدا (بەهۆی گەشتکردن، ئیفاد، نەخۆشی، مۆڵەت)، ئەرکەکانی جێبەجێدەکات.

**حەوتەم:** نوێنەرایەتیی ئەنجومەن دەکات لە کاتی ئامادەنەبوون یان ڕاسپاردنی سەرۆکدا.

## بەشی هەشتەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکانی سکرتێری ئەنجومەن

### ماددەی (٢٦):

**یەکەم:** سکرتێر، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتییە.

**دووەم:** سەرپەرشتی تۆمارو ئامادەکردنی خشتەی کاری دانیشتنەکان و چاپکردنیانو ئەرشیفکردنیان و دابەشکردنیان بەسەر ئەندامنادا.

**سێیەم:** ڕێکخستنو جێگیرکردنی خشتەیەك بۆ ئەوەی داواکاری قسەکردنی ئەندامانی ئەنجومەن لەدانیشتنەکاندا ڕیزبەندیی کاتیی تێدابێت.

**چــوارەم:** ڕێکخســتنی خشــتەی کــار بــۆ هەر دانیشــتنێکی ئەنجــومەن بەهەمــاهەنگی لەگەڵ ســەرۆکی ئەنجــومەن یــان جێگــرەکەی و..، ئاگــادارکردنەوەی ئەنــدامان ســێ ڕۆژ پــێش کۆبــونەوە. بڕگەکــانی خشــتەی کــار بەگــوێرەی ڕیزبەنــدیی ڕۆژەکــان دەمێنێــتەوە. هەر گۆڕانکــارییەك لە کارنــامەکەدا ڕووبــدات، پــێش (٢٤) کــاتژمێر لە دەســتپێکی کۆبــوونەوەکە، ئەندامان ئاگاداردەکاتەوە.

**پێنجەم:** ئامادەکردنی تۆمارێکی تایبەت بە ئامادەبوون و نەهاتنی ئەنــــدامان بۆکۆبونەوەکــــان و پێشکەشــــکردنی ڕاپــــۆرت لەسەرنەهاتنی ئەنــدامان لەدانیشــتنی ڕابــردوودا و وەرگــرتنــی واژۆی ئامــــادەبوون لەســــەرەتای هەر دانیشــــتنێکدا کە ئەنجــــومەن ئەنجامیدەدات.

**شەشەم:** نوسینەوەی بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێنماییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەن بەگوێرەی ئەوەی ئەنجومەن بڕیاری لێدەدات لەدانیشتنی فەرمییدا.

**حەوتەم:** دانانی تۆمارێکی تایبەت بەکۆنوسی دانیشتنەکان کە لاپەڕەکانی ژمارەیان لەسەر بێت و..، نووسینی هەر گفتوگۆیەك کە لەودانیشــــتنانەدا دەکرێــــتو پاراســــتنی لەتۆمــــارە ئەلیکترۆنیەکاندا.

**هەشتەم:** ڕێکخستنی هەر کارێکی دیکە کە سەرۆك ئاماژەی پێدابێت بەپێی ئەم پەیڕەوە.

## بەشی نۆیەم

## ئەرك و مافەكانی ئەندامێتیی ئەنجومەن

### ماددەی (٢٧):

**یەكەم:** نابێت ئەندامی ئەنجومەن لە هەمان كاتدا پلەیەكی فەرمانبەریی یان پۆستێكی كارگێڕیی هەبێت، بەڵكو پێویستە بە تەواوەتیی خۆی بۆ كارەكانی ئەنجومەن تەرخان بكات.

**دووەم:** ئەندامی ئەنجومەن پابەند دەبێت بە ئامادەبوون لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن و ئەو لیژنانەی ئەندامە تیایاندا..، ناكرێت ئامادە نەبێت تەنها مەگەر بەبوونی پاساوێك كە سەرۆكی ئەنجومەن، یان سەرۆكی لیژنەكەی ڕێپێدەدات.

**سێیەم:** ئەندام مافی هەیە لە ماوەی خولێكی ساڵانەی ئەنجومەندا مۆڵەتی (٤٥)چل و پێنج ڕۆژ، بەجیاجیا، یان پێكەوە لە سەرۆكی ئەنجومەن وەربگرێت. ئەگەر مۆڵەتی لەو ماوەیە زیاتر ویست ئەوا پێویستی بەڕەزامەندی زۆرینەی سادەی ئەندامان دەبێت، بەمەرجێك مۆڵەتپێدراوان ڕێژەی یاسایی كۆبوونەوەكان تێكنەدەن.

**چوارەم:** ئەندام لەكاتی نەخۆشییدا سوود لە مۆڵەتی تەندروستی وەردەگرێت.

**پێنجەم:** ئەندامان دەنگەكانیان لەیەك ئاستدایە و یەكسانن و مافی تایبەتی خۆیانە و..، كەس ناتوانێت لەجێگەی كەسی دیكە دەنگبدات.

**شەشەم:** ئەندام بۆی هەیە خۆی بۆ هەر پۆستێك لە پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی و سەرۆکایەتیی کردن و ئەندامێتیی لیژنەکان و سەرۆکایەتی کردنی لیژنەکان بپاڵێوێت.

**حەوتەم:** دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامان مافی ئامادەبوونیان هەیە لە هەرلیژنەیەکدا، بەمەرجێك دەستێوەردان نەبێت لە کارەکانی لیژنە و تایبەتمەندیی پێکهاتەی لیژنەکە بپارێزێت.

**هەشتەم:**

١. نابێت ئەندام ڕاوەدوو بنرێت بەبێ نووسراوی ڕەزامەندیی ئەنجومەن، تەنها لەبارێکدا نەبێت کە تاوانێك یان کەتنێکی ئەنجامدابێت و پێیەوە گیرابێت، لەبەرئەوەی کەخزمەتێکی گشتیی پێسپێردراوە بۆ مەبەستی پیادەکردنی یاسای سزاکان.

٢. ئەندامان ئازادیی تەواویان هەیە لە وتووێژەکانی ناو ئەنجومەنو لە دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانیاندا، نابێت بەهیچ شێوەیەك لەسەر بیروبۆچونەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدابکرێت.

**نۆیەم:** ئەندام مافی ڕەخنەگرتنی نییە لەکاتی بەنەهاتوو هەژمارکردنیدا بەرامبەر بەو بڕیار و ڕاسپاردانەی کە دەردەکرێت.

**دەیەم:** ئەندام بەداواکاریەکی فەرمیی داوای مۆڵەت لەسەرۆکی ئەنجومەن دەکات سەبارەت بەدانیشتنی ئەنجومەن، بەڵام بۆ کۆبونەوەی لیژنە هەمیشەییەکان داواکاریی پێشکەش بەسەرۆکی لیژنە دەکات.

**یانزدەیەم:** ئەندام خاوەنی (پارێزبەندیی ـ حصانة)یە، چونکە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە.

**دوانزدەیەم:**

١. پاداشتێکی مانگانەی بڕاوە بەسەرۆکایەتیی و ئەندامانی ئەنجومەن دەدرێت، کە ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکات.

٢. سەرۆکایەتیی و ئەندامانی ئەنجومەن لەکاتی تەواوبوونی ماوەی هەڵبژاردنیاندا، پاداشتێك وەردەگرن کەیەکسان بێت بە پاداشتی شەش مانگی کۆتایی ئەندامێتیی، ئەم پاداشتە هەژمار ناکرێت لەگەڵ ئەو پاداشتەی کە بەپێی یاسای خانەنشینیی شارستانیی جێبەجێکراو بەریدەکەوێت لەکۆتایی خزمەتکرنیدا بەرامبەر بەخزمەتی فەرمانەکەی.

٣. کاری ئەندامێتی لە ئەنجومەندا بەخزمەت هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی سەرەمووچە و پلە بەرزکردنەوەو خانەنشینی.

٤. سەرۆکایەتیی و ئەندامان شایستەی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینین، بەو ڕێژەیەی یاسا بۆیان دیاریدەکات، یان بە سوودوەرگرتن لە توانا و پسپۆڕییان لە فەرمانگە جۆربەجۆرەکان بەهەمان پلەی ئێستایان.

**سیانزدەیەم:** نابێت ئەندامانی ئەنجومەن پلەکەیان بەکاربهێنن بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و کەسوکاریان.

**چواردەیەم:** نابێت ئەندامانی ئەنجومەن ئەو زانیاریانە بۆهیچ مەبەستێك بدرکێنن کە بەبڕیاری ئەنجومەن بەنهێنی دادەنرێن،

هەروەهـا نابێـت هـیچ کـارێکی پـێچەوانەی بەرژەوەنـدیەکانی ئەنجومەن ئەنجامبدەن.

**پانزدەیەم:**

١. لەکـــاتی ئامـــادەنەبوونی ئەنـــدام لەهەر کۆبـــونەوەیەکی ئەنجومەن یان لیژنەکان ئەوا سەرۆکی ئەنجومەن ئەندامەکە و فراکسیۆنەکەی لێئاگادار دەکاتەوە.

٢. ئەگەر ئەنـــدام لە ســـێ کۆبـــونەوەی یەك لەدوای یەکـــی ئەنجـومەن یـان لیژنەکـان ئامـادەنەبوو ئەوا ڕێوشـوێنی یاسـایی بەرامبەری دەگرێتەبەر.

**شانزدەیەم:**

دابینکردنـی ژیـانێکی شایسـتە (شـوێنی نیشـتەجێبون، ئاسـایش، هۆکاری گواستنەوە).

**حەڤدەیەم:** ئەنجـومەن بەزۆریـنەی سـادە دەتوانێـت بڕیـار بـدات بە بەشـدارینەکردنی ئەنـدامێك لەدانیشـتنێك یـان زیـاتردا ئەگەر کارێکی کرد بە لەسنوور دەرچوون هەژمارکرا.

**هەژدەیەم:** پـاڵێوراوی هەڵبـژێردراو بە ئەندامی ئەنجـومەن دادەنرێت لە ڕۆژی پەسـەندکردنی ئەنجامەکـان لەلایەن ئەنجـومەنی بـاڵای دادوەریـــیەوە، دوای ســـوێندخواردنی یاســـایی دەســـتبەکاردەبێت و هەموو مافێکی ئەندامێتی دەبێت.

**نۆزدەیەم:** ئەندام لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە لەبۆنە فەرمی ونافەرمییەکاندا بەناوی ئەنجومەنەوە قسەبکات.

**بیستەم:** خۆپاراستنی ئەندام لە هاوکاری و هاندانی هەر کەس و لایەنێك بۆ ئەو کاروچالاکیانەی سەرپێچی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانن.

**بیستویەکەم:** دەرکەوتنی ئەندام لە شوێنە گشتییەکاندا بەشێوەیەك شیاوی نوێنەرایەتیی بێت و لەگەڵ دابونەریت و کەلتوری ناوچەکە بگونجێت.

**بیستو دووهەم:** پێویستە هاوکاریی ئەندامانی ئەنجومەن بکرێت، لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، لەکاتی تووشبوون بە ڕووداوێکی نەخوازراو.

## ڕێوشوێنەکانی (میوانداریی و بانگهێشتکردن و لێپرسینەوە)

**یەکەم:** ئەنجومەن ئەگەر میوانداریی هەر پلەیەکی فەرمانبەرێتی بکات، پێویستە سێ ڕۆژ پێش کۆبونەوە بە نووسراو ئاگاداریان بکات.

**دووەم:** ڕێکاری پرساندنی سەرجەم بەڕێوەبەرە ئیدارییەکانی سنووری دەسەڵاتی ئەنجومەن:

١. سەرەتا سەرۆکایەتی ئەنجومەن لیژنەی تایبەتمەند ڕادەسپێرێت بەمەبەستی بەدواداچون، پاشان لیژنەی ڕاسپێردراو سەردانی مەیدانیی دەکەنو سەرجەم بەڵگەکانی بابەتی بەدواداچونەکە بەشێوەی پرسیار ئاڕاستەی بەڕێوەبەر دەکەن، هەروەها مافیان هەیە داوای سەرجەم بەرابیەکان و دۆکیومێنتەکانی تایبەت بەو پرسە بکەن، ئەگەر لیژنە ڕەزامەند نەبوو بە وەڵامەکانو بەلایەنی

کەمەوە یەکێك لە بڕگەکانی ماددەی شەش هاتەدی، ئەوا بانگهێشتی ناوبراو دەکرێت بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەن.

٢. ئەگەر وەڵامەکان بۆ ئەنجومەن جێی ڕەزامەندیی نەبوون ئەوا لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پێشنیازی لەسەرکارلادانی دەخرێتە دەنگدانەوە .

## بەشی دەیەم

## مەرجەکانی ئەندامی ئەنجومەن

**ماددەی (٢٨):**

**یەکەم:** پێویستە عێراقیی بێت و بەتەواویی شیاوی بێت، (٢٥) ساڵیشی لەتەمەنی لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا تەواوکردبێت.

**دووەم:** پێویستە بەلایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێت.

**سێیەم:** پێویستە خوڕەوشت و ناوبانگی باشبێت و بەهیچ تاوانێك و کەتنێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێت.

**چوارەم:** پێویستە لەڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕیەکە بێت بەپێی تۆماری باری شارستانیی، یان بەشێوەیەکی بەردەوام بۆماوەیەك لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت لێی دانیشتبێت، بەمەرجێك نیشتەجێبوونەکە بۆ مەبەستی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی نەبێت.

**پێنجەم:** نابێت لە کەسەکانی هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت.

**شەشەم:** نابێت بەشداریی لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆکێشابوون یان جێبەجێیکردبوون، یان ئەنجامیداون.

**حەوتەم:** سەرۆك و ئەندامان سوێندی یاسایی دەخۆن وەکو ئەوەی لەبڕگەی (یەکەم)ی مادە (١٦)ی یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە.

## بەشی یانزدەیەم

## کۆتایهاتنی ئەندامێتیی

### ماددەی(٢٩):

**یەکەم:** کۆتـایی هـاتنی مـاوەی خـولی هەڵبژاردنـی ئەنجـومەن، بەڕەچاوکردنی بڕگەی (٣)لە ماددەی (٧)ی ئەم پەیڕەوە.

**دووەم:** لەکاتی (گیانلەدەستان) یان توشبوون بە نەخۆشییەك کە ڕێگربێـــت لە بەردەوامبـــوونی کـــارەکەی (بەپێـــی ڕاپـــۆرتی پزیشکیی).

**سێیەم:** وازهێنانی ئەندام دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەن بە زۆرینەی ژمارەی دەنگی ئەندامان واتە (زۆرینەی ڕەها).

**چوارەم:** لادانـی ئەنـدام لەسـەرکارەکەی بەهـۆی ئامـادەنەبونی لە (٥) کۆبـــوونەوەی یەك لەدوای یەك یـــاخود ئامـــادەنەبونی لە (٨) کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە ماوەی (٤) مانگدا بەبێ پاساوی ڕەوا.

**پێنجەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە کۆتایی بە ئەندامێتی ئەندامێکی بهێنێت بەزۆرینـەی ڕەهـای ژمـارەی ئەنـدامانی لەکـاتی لەدەسـتدانی یەکێـك لەمەرجەکـانی ئەنـدامێتیی، یـان یەکێـك لەهۆیەکـانی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٦)ی یاساکە.

**شەشــەم:** هەڵوەشــاندنەوەی ئەنجــومەن بەبڕیارێــك لەلایەن خــۆیەوە بەڕەزامەنــدیی (٣\٢) دوو لەســەر ســێی ئەنــدامان بە پشتبەســتن بەداواكــاریی (٣\١) ســێیەكی ئەنــدامان لەكــاتی هــاتنەدی ئەو هۆكـارانەی پێویسـتن بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجـومەنی پارێزگـا، وەك لە بڕگەی (١)ی ماددەی (٣١)ی یاساكەدا هاتووە.

**حەوتەم:** لەكــاتی وەرگرتنــی پۆســتێكی حكــومیی، یــان هەر هۆكارێــك لە هۆكارەكــانی وازهێنــان، یــان كۆتاییهێنــان بە ئەندامێتیی، ئەندامێكی دیكەی هەمان لیست بەپێی بڕگەی (١) لە مــاددەی (١٠)ی یاســای ژمــارە (٤)ی ســاڵی (٢٠٠٩)، جــێگەی دەگرێتەوە.

**هەشــــتەم:** ئەنــدامی ئەنجــومەن بــۆی هەیە لەبەردەم دادگــای كارگێڕیی تایبەت لەهەرێمدا، تانووت لە بڕیاری كۆتاییپێهێنانی ئەندامێتیی بدات.

## بەشی دوانزدەیەم
## لیژنە  هەمیشەییو کاتییەکان

**ماددەی** (۳۰):

لیژنەکانی ئەنجومەن پێکدێن لە:

أ. لیژنە هەمیشەییەکان.

ب. لیژنە کاتییەکان.

أ. لیژنە هەمیشەییەکان پێکدێن لە (۹)لیژنە:

**یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی**

**دووەم: لیژنەی پلان و پڕۆژەکان**

**سێیەم: لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**چوارەم: لیژنەی تەندروستیی وژینگە و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**پێنجەم: لیژنەی کارگێڕیی و دارایی و کشتوکاڵ**

**شەشەم: لیژنەی پیشەسازی و وزە**

**حەوتەم: لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش**

**هەشتەم: لیژنەی پەروەردە و ئەوقاف**

**نۆیەم: لیژنەی شەهیدان و ناوخۆ و پەیوەندییەکان**

## ماددەی (٣١):

### أ- کاروتایبەتمەندیی لیژنەهەمیشەییەکان:

**یەکەم: لیژنەی کاروباری یاسایی:**

ئەرکی ئەم لیژنەیە کارکردنە لەسەر کاروبارە یاساییەکان و بەدواداچونی سکاڵاکان و دەستپاکیی.

١. چاودێرییکردنی ئەو کاروبارانەی کە سروشتێکی یاساییان هەیە و بەدواداچونی هەموو ئەو دادبینی و داواکاریانەی تایبەتن بە ئەنجومەن و ئەنجومەن تیایدا دەبێتە لایەن (طرف ـ خصم).

٢. چاودێریی جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە لەناو ئەنجومەنی پارێزگادا.

٣. دڵنیابوون لە دروستیی پەیڕەو و بڕیار و ڕێنمایی و فەرمانە ئیداریەکان لەڕووی یاسایی و فۆڕم و زمانەوانییەوە.

٤. دانانی خشتەیەکی تایبەت بەو پڕۆژە یاساییانەی لەلایەن لیژنە هەمیشەیی و کاتیەکان و ئەو سێکتەرو لایەنانەی پڕۆژە یاسا پێشکەش بە ئەنجومەن دەکەن.

٥. چاودێرییکردنی هەموو بەشە یاساییەکانی سنووری دەسەڵاتی ئەنجومەن و ئەو گرێبەستانەی تیایاندا گرێدەدرێت.

٦. چاودێریی و دیاریکردنی شێوازی لەناکاوی دەوڵەمەندبوونی نائاسایی بەرپرسانو بازرگانان و کۆمپانیاکان و کەسانی دیکە.

٧. چەسپاندنی بنەماکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە دامودەزگاکاندا.

٨. هەماهەنگییکردن لەگەڵ دەستەکانی چاودێریی دارایی و دەستپاکیی و داواکاری گشتییدا.
٩. چاودێریکردنی بەکارهێنانی موڵك وماڵی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی و کارکردن بۆ بنبڕکردن و گەڕاندنەوەی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی.
١٠. چاودێریکردن و ڕێگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتیی.
١١. جێبەجێکردنی سیستمی دادپەروەریی لە فەرمانگە حکومیەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاووڵاتیان.
١٢. چاودێرییکردن و بەدواداچون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

## دووەم:لیژنەی پلان و پڕۆژەکان:

کاری ئەم لیژنەیە چاودێریی و بەدواداچونە بۆ پڕۆژەکانی سنوورەکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجومەن.
١. تاوتوێکردنی پلانی ساڵانەی پڕۆژەکانی گەشەپێدانی هەرێمەکان و پڕۆژە ناوخۆییە پێشکەشکراوەکان لەلایەن پارێزگاوەو گفتوگۆو پەسەندکردنیان لەلایەن ئەنجومەنەوە.
٢. هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی پارێزگادا بەمەبەستی دانانی ئەولەویەت لەپڕۆژەکانی وەبەرهێنانی وەزارەتەکاندا.
٣. تاوتوێکردنی پلانی ساڵانەی ئەو پڕۆژانەی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان دروستدەکرێن، هەروەها ئەو پڕۆژانەی

لەلایەن پارێزگاوە ئاڕاستەی ئەنجومەن دەکرێن بەمەبەستی پەسەندکردنیان .

٤. چاودێرییکردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو گەشتوگوزار لە سنووری پارێزگادا.

٥. گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێیان بۆئەوەی فشاری دانیشتوان لەسەر ناوەندی شارەکان کەمبێتەوە.

٦. گرنگیدان بەنەخشەسازیی گشتیی و کاروباری بنیاتنانی شاری مۆدێرنو دابەشکردنی پرۆژەکان لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان و تایبەتمەندیی و پێداویستیی ناوچەکان.

٧. گرنگیدان بە پرۆسەی نیشتەجێبون و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کرێنشینی.

٨. هەوڵدان بۆ دروستکردنی متمانە لای کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان لەڕێگەی بەجێهێنانە یاساییەکان.

٩. چاودێریی واژۆی وەبەرهێنان و کاری کۆمپانیا وەبەرهێنەکان و بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەو بارەوە.

١٠. هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی بەدواداچونی پرۆژەکانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاری پرۆژەکانی سنووری پارێزگا.

١١. پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی سیستمی سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان لەسەر بنەمای کارکردن بە لیژنە و پسپۆڕی.

**١٢. هەوڵدان بۆ دانانی نوێنەری ئەنجومەن لە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێناندا.**

**١٣. بەستنی کۆڕ و سیمینارو کۆبونەوە بۆ هاندانی وەبەرهێنەران و هاوئاهەنگیی دەستەی ناوبراو لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.**

**١٤. بەشداریکردن لەنەخشەی وەبەرهێنانی پارێزگا و ئاسانکاریی تەرخانکردنی زەوی لەڕێگەی ئەو وەزارەتانەی تایبەتمەندن بەهاوئاهەنگیی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێناندا.**

**١٥. چاودێریی کاروباری وەبەرهێنانی نیشتمانیی و ناوخۆیی و بیانی و پێشنیازی ڕێنمایی ناوخۆیی کە هانی پڕۆژەی وەبەرهێنان بدات لە پارێزگادا بە هاوئاهەنگیی و ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی نیشتمانی و ناوخۆییدا.**

سێهەم : لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار:

**کاری ئەم لیژنەیە چاودێری و بەدواداچونە لە بوارەکانی شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆو گەشتوگوزار.**

**١. بەدواداچونی کاروباری مەیدانی خزمەتگوزاریی شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و گواستنەوە و گەیاندن و کارەبا و خزمەتگوزارییە بنچینەیەکانی پارێزگا.**

**٢. هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی زیادەڕۆیی و ڕێکخستنی یاساییانەی موڵکداریێتیی.**

٣. ڕاوێژکـــــــــــــردن و هەمـــــــــــــاهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دیاریکردنی سنووری یەکە کارگێڕییەکان و سنووری گوندەکان.

٤. چاودێریکردنی کۆمپانیاکانی تایبەت بەتەلەفۆن و ئینتەرنێت و پەیوەندییەکان و گواستنەوە.

٥. دانـــانی پلانـــی درێژخـــایەن بەمەبەســـتی ســـوود وەرگـــرتن لە هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتیی وەك: فڕۆکە، شەمەندەفەر و ترام لەنێوان و لەناو شارەکاندا.

٦. هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی خزمەتگوزاریی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەموو پڕۆژەکانی ئەم کەرتانەدا.

٧. چاودێریکردنی فڕۆکەخانەو هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی زیاتری فڕۆکەخانەکان و فڕۆکەوانیی مەدەنیی لە پارێزگادا.

٨. هەماهەنگیی لەگەڵ ئەم کەرتانەدا بۆ جێگیرکردنی پارك و شوێنی سەوزایی و ڕێگاوبانی شیاوی هاتووچۆکردن لەسنوری پارێزگادا.

٩. هەوڵـــدان بـــۆ چارەســـەرکردنی یاســـاییانەی کێشـــەی زەوی و تـــاپۆکردن و پێشکەشـــکردنی خزمەتگـــوزاریی لە شـــوێنە ڕێکنەخراوەکاندا لە سنووری پارێزگادا.

١٠. هەوڵـدان بـۆ ڕێکخسـتنی دیزاینـی گشـتیی و تەلارسـازیی ســـەنتەری خـــانوبەرە و تەلارەکـــان و باڵەخـــانە بازرگـــانیی و گەشتوگوزارییەکان.

١١. کارکردن لەگەڵ ئەم کەرتانەدا بۆ دانانی پلانی گونجاو بۆ خاوێنڕاگرتنی یەکە کارگێڕییەکان و ڕێکخستنەوەی سیستمی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاکو، خزمەتگوزارییەکانی دیکە لە سنووری پارێزگادا.

١٢. هەوڵدان بۆ کردنەوەی کارگەی ڕیسایکلین لە شوێنە پێویستەکاندا.

١٣. هەوڵدان بۆ دیاریکردنی شوێنی گونجاو بۆ خۆڵ و خاشاك، کە زیان بە دانیشتوان و ژینگە نەگەیەنێت.

١٤. چاودێریی و پابەندکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە دیاریکردنی ڕووبەری سەوزایی پێویست لە نەخشەی نیشتەجێبوون و پرۆژەکاندا.

١٥. هەوڵدان بۆ ئەوەی شارەوانی پابەندبکرێت بەدابینکردنی شوێن و دیزاینی گونجاو بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوونی شایستەو پێویست بۆ هاوولاتیان.

١٦. هەوڵدان بۆ هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان ئەم کەرتانەو کەرتی تایبەتداو چاودێریکردنی وردی ئەم پرۆسانە لەلایەن ئەنجومەن و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

١٧. هەوڵدان بۆ کردنەوەی تێرمینالی شیاو بۆ هێڵی گشتیی لە نێوان شارەکان و ناو شارەکانیشدا.

١٨. هەوڵدان بۆ دانانی ناونیشانی ژمێرەیی بۆ ماڵ و گەڕەك و کۆڵان و شەقام و کاراکردنی سیستمی پۆست.

١٩. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی ڕیکلام و تابلۆو تابلۆکانی هاتووچۆ له یەکە ئیدارییەکاندا.

٢٠. پابەندکردنی ئەم کەرتانە بە هۆشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە چۆنێتیی بەکارهێنان و پاراستنی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و هۆکارەکانی دیکەوە.

٢١. هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی تۆڕی ئاوەڕۆ و تۆڕی باراناو لە یەکتر. هەروەها هەوڵدان بۆ دروستکردنی تۆڕی ئاوی قورس و سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی.

٢٢. کارکردن بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان و ڕێگاوبان، پێش دابەشکردنی زەوی بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

٢٣. کارکردن بۆ دانانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل بۆ شارەکان بەپێی پەیڕەوێکی گونجاو.

٢٤. چاودێریی دابەشکردنی زەوی و یەکەکانی نیشتەجێبوون لە تەواوی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگادا.

٢٥. هەوڵدان بۆ گەیاندنی ڕێگای شیاو بە شوێنە جیاجیاکان و بەستنەوەیان بەیەکەوە و دووسایدکردنی ڕێگای نێوان قەزاکان.

٢٦. هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ڕێگای گشتیی لە ڕێگای بارهەڵگرەکان و دامەزراندنی هێڵی ڕێگاوبان و شەمەندەفەری بازرگانی.

٢٧. هەوڵدان بۆ دانانی بنەمای شیاو بۆ ڕێکخستنی هێڵەکانی گواستنەوەو نرخەکانیان لە ئاستی خزمەتگوزارییەکانیان.

٢٨. چاودێریکردنی دابەشکردن و بەکارهێنانی زەوی گشتیی بۆ کەرتی بازرگانیی و کۆمپانیاکان لەسەر بنەمایەکی یاساییانەی دادپەروەرانە. هەروەها بەدواداچوونی ئەو زەوییانەی دابەشکراون کە بۆ مەبەستی دیاریکراوی خۆیان و لەماوەی دیاریکراوی خۆیاندا بەکاربهێنرێن، بەپێچەوانەوە لێیان وەربگیرێتەوە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

٢٩. چاودێریی و هەوڵدان بۆ دابینکردنی زەوی بەمەبەستی دروستکردنی عەلوەو قەسابخانەی مۆدێرن و ناوچەی پیشەسازیی و پیشانگاکانی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکان و کۆگا و کێڵگەکانی مەڕو ماڵات و مەیدانی ئاژەڵان، بەشێوەیەکی ئەندازەیی شیاو.

٣٠. چاودێریکردنی وردی دانانی تاوەرەکانی گەیاندن و گواستنەوەو پەخشکردن لەسەر بنەما تەندروستیی و زانستییە ڕێپێدراوە جیهانییەکان.

٣١. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بازاڕو شوێنە گشتییەکان و نوێکردنەوەی سەنتەری شارەکان.

٣٢. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی هێڵە گشتیەکانی گواستنەوە (پاص و تاکسی).

٣٣. پابەندکردنی کارگەو کۆمپانیاکان بە پاککردنەوەی پاشماوەی پاشەڕۆکانیان بەپێی ڕێنماییە ژینگەییەکان.
٣٤. بەدواداچوونی کێشەو هۆکارەکانی پیسکردنی ئاوو ژینگە لە سنوری پارێزگادا.
٣٥. هەوڵدان بۆ پاراستن و ڕێکخستنی گۆڕستانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆیان.
٣٦. هەوڵدان بۆ چاپکردنی ڕێبەری شارەکانی سنووری پارێزگا، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.
٣٧. هەوڵدان بۆ پاراستنی شوێنە گەشتوگوزاریی و ئاسەوارییەکان.
٣٨. هەوڵدان بۆ ئەوەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان قۆرخنەکرێن و پابەندبکرێن بۆ گەشتوگوزاریی و خزمەتی گشتیی.
٣٩. هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و ڕێنماییە گەشتیارییەکان لەنێو هاووڵاتیاندا و کردنەوەی سەنتەر و پەیمانگای تایبەت بەم بوارە.
٤٠. کارکردن بۆ تەرخانکردنی شوێنی پارکینی پێویست و شوێن و ڕێگای تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەموو کەرتەکاندا.
٤١. چارەسەرکردنی کێشەی خانووە بێتاپۆکان و ئەو گەڕەکانەی بەشێوەی هەڕەمەکیی دروستکراون، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکدارێتیی و زیادەڕەویی.

٤٢. هاندانی کەرتی گەشتوگوزاری تەندروستیی.

٤٣. پەرەپێـــدان بە شـــوێنە گەشـــتیارییەکان و دابینکردنـــی خزمەتگوزارییەکان بۆیان.

٤٤. دانانی پلانی زانستیی و گونجاو بۆ پرۆژەکان و چاودێریی ماستەرپلانی سنووری پارێزگا.

٤٥. گرنگیدان بەخزمەتگوزاریی شارداریی و ئاوی خواردنەوە و کارەبا و ڕێگەوبان و هۆیەکانی گواستنەوە.

٤٦. چاودێریی و بەدواداچون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

**چوارەم : لیژنەی تەندروستیی وژینگە و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

کارەکانی ئەم لیژنەیە تایبەتە بە چاودێریی و بەدواداچون لە بواری تەندروستیی وژینگە و کاروباری کۆمەڵایەتی.

١. چـاودێریی و بەدواداچـونی پلانـی تەندروسـتیی وژیـنگە لە سـنووری دەسـەڵاتی ئەنجـومەنی پارێزگـادا و پەرەپێـدانی هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکان.

٢. چاودێریی پلانی دابینکردنی دەرمان و پێداویستیی پزیشکیی نەخۆشخانەکان و ناوەندە تەندروستییەکان.

٣. کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تەندروستیی و ژینگەیی لەڕێـگەی بەسـتنی کـۆنفرانس و کۆبـوونەوەی گشـتیی بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

٤. هەماهەنگیی لەنێوان ڕێکخراوە مرۆییەکان و کەرتی تایبەت بەمەبەستی پەرەپێدانی بارودۆخی تەندروستی و ژینگەیی بۆ گەیشتن بەپڕۆژەی تەندروستیی و ژینگەیی پێویست.

٥. گرنگییدان بەکادری تەندروستیی و ژینگەیی و دابینکردنی هەلی جێگیرکردنیان و پێگەیاندنیان لە سنووری پارێزگادا.

٦. هەماهەنگیی لەنێوان وەزارەتی تەندروستیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان دەربارەی گرتنبەری ڕێگەی چارەسەر بۆ نەخۆشییە سەختەکان لە دەرەوەی وڵات.

٧. چاودێریی و بەدواداچوون بۆکێشەو گیروگرفت و پڕۆژەکانی بواری تەندروستیی و دەرمانخانە و نۆرینگە پزیشکییەکان لەڕووی جۆرو نرخەوە.

٨. چاودێریی لەناوبردنی خۆڵ و خاشاك و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆی، هەروەها چارەسەرکردنی ئاوی قورس و سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی بۆ ئاودێریی.

٩. هەوڵدان بۆکردنەوەی بنکە و مەڵبەند و نەخۆشخانە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێویستن.

١٠. کارکردن بۆدابینکردنی بیمەی تەندروستیی بۆ هاووڵاتیان.

١١. کارکردن بۆ کردنەوەی بەشی پزیشکی دادوەریی (الطب العدلي) لە قەزاکاندا وگرنگیدانی زیاتر بە نەخۆشانەی قەزاو ناحیەکان لەڕووی تەواوی پێداویستیەکانەوە.

١٢. هەوڵدان بۆ کارکردن بە مواسەفاتی نێودەوڵەتیی ئایزۆ (ISO)ی ژینگەیی لەسەرجەم کارگەکاندا.

١٣. بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییە ژینگەییەکانی تایبەت بەپاراستنی ژینگە.

١٤. جێگیرکردنی ناوچەی سەوزایی لە ماستەرپلانی شارو شارۆچکەکاندا، بەپێی ستانداردە ئەندازەییەکان، هەروەها چاودێریی و پاراستنی ئەو ناوچانەو باخچەکان و پارێزراوە سروشتییەکان (المحميات الطبيعية) و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانیان.

١٥. گرنگیدان بەمافەکانی ژنان و بەرگریکردن لێیان بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ.

١٦. بایەخدان بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێیان و ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانیان لە هەموو پڕۆژەکاندا. هەروەها چاودێرییکردنی ئەو یاسایانەی کە تایبەتن پێیان و هەوڵدان بۆ کردنەوەی نەخۆشخانە و خوێندنگە و سەنتەری تایبەت بۆیان.

١٧. چاودێریی جێبەجێبوونی ئەو یاسایانەی خێزان دەپارێزن لەدەستدرێژیی و توندوتیژیی خێزانی.

١٨. هەماهەنگیی لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بۆ ئەوەی گرنگیی زۆرتر بەڕۆڵی ژنان بدەن لەڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە پشتگیرییان بکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی کۆمەڵگای کوردەواری.

١٩. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگا لەڕێگەی بەستنی سیمینارو کۆبونەوەو وۆرك شۆپی تایبەت بەمافەکانی خێزان.

٢٠. چاودێریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیی‌و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی کارەکانیان وەك خزمەتی گشتیی و خانەنشینکردنیان لەکاتی تەواوکردنی خزمەتی یاسایی، یان پەککەوتن و نەخۆشیی سەختدا.

٢١. چاودێرییکردنی زیندانییەکان و سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەیان بۆ هاتنەوە ناو کۆمەڵگا، هەروەها کردنەوەی خول و دەرفەتی کاری شیاو لەناو زیندانەکاندا.

٢٢. هەوڵدان بۆ کردنەوەی خانەی بەساڵاچووان و منداڵانی بێسەرپەرشت.

٢٣. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردن و هاندانیان بۆ کارکردن و بەرگرتن لە کارکردن بە منداڵان.

٢٤. هەوڵدان بۆ کردنەوەی دایەنگای شیاوو پێشکەوتوو لە شوێنە جیاجیاکاندا، کە لەگەڵ باری دارایی خێزانەکاندا بگونجێت.

٢٥. چاودێریی و بەدواداچوون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

**پێنجەم : لیژنەی کارگێڕیی و دارایی و کشتوکاڵ:**

**کارەکانی ئەم لیژنەیە چاودێریی و بەدواداچوونە بۆ بوارەکانی کارگێڕی و دارایی و کشتوکاڵ لە سنووری دەسەڵاتی ئەنجومەندا.**

**١. چاودێرییکردن و بایەخدان بە بانکە حکومیی و تایبەتەکان و دروستکردنی پەیوەندییەکی شیاوو متمانەدار لە نێوان خەڵك و پارەدارو بانکەکاندا.**

**٢. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و کاراترکردنی کاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتیان لە دامودەزگاکاندا و پەیڕەوکردنی سیستمی ئەلکترۆنیی.**

**٣. بەدواداچوونی سەرجەم ئیشوکاری بەشەکانی (ژمێریاریی و کارگێڕیی و وردبینی و لیژنەکانی کڕین و گرێبەست و نرخاندن و خەملاندن) لە هەموو فەرمانگەکاندا.**

**٤. هەماهەنگیی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر ئەو بابەتانەی پەیوەندییدارن بە بودجەی پارێزگاو ئەنجومەن.**

**٥. کارکردن بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی کوالێتیی (نظام إدارة الجودة - ISO)، بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدارەو نەهێشتنی گەندەڵیی.**

**٦. بینینی سەرجەم ئەو بابەتانەی پەیوەندیی بەبودجەی گشتیی پارێزگاو ژمێرەو خەرجییە کۆتاییەکان (الحسابات الختامیة)ەوە هەیە، هەروەها پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بەم بوارە بە ئەنجومەن.**

٧. چاودێرییکردنی باری ژیانی هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی ڕاوێژو پرۆژەی تایبەت سەبارەت بەبەرزکردنەوەی ئاستی ئابوریی پارێزگا.

٨. چاودێرییکردنی بازاڕ لە ڕووی نرخ و کوالێتیی کاڵاکانەوە، هەروەها چاودێریی نرخی بەکرێدان و خزمەتگوزاریی گشتیی ڕێوشوێنە جیاجیاکان.

٩. پێشکەشکردنی پرۆژە بۆ چارەسەرکردنی هەر ڕووداوێکی کتوپڕی.

١٠. دەستنیشانکردنی هۆکاری دابەزینی ئاستی ئابووری پارێزگاکەو پێشکەشکردنی پرۆژەی تایبەت بە بەرزکردنەوەی ئابووری دانیشتوانی سنوورەکەو بەراوردکردنی داهاتی ساڵانە.

١١. چاودێرییکردنی بڕی ئەو پارانەی کە وەك باج و ڕسومات و داهات بەهەمــوو شێوەکانیەوە لەسەر هاووڵاتیان و بازرگانان دادەنرێن و چۆنێتیی سەرفکردنیان لەلایەن فەرمانگەکانی سەر بە پارێزگا.

١٢. چاودێرییکردنی ڕێژەی بێکاریی لە پارێزگاداو داڕشتنی پلانێك بەمەبەستی کەمکردنەوەی بێکاریی.

١٣. چاودێرییکردنی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت بەجۆرێك خزمەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری وکەمکردنەوەی بێکاری بکات.

١٤. پشتگیرییکردنی کەرتەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازیی، گەشتوگوزار) بۆ ئەوەی پارێزگا داهاتێکی تایبەتی خۆی مسۆگەر بکات لەکاتی هەر قەیرانێکی ئابوریی و تەنها پشت بەیەك سەرچاوەی داهات نەبەسترێت، هەروەها دوورکەوتنەوە لە ئابووریی یەك جەمسەرو دروستکردنی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان.

١٥. ئامادەکردنی پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی ئەنجومەنی پارێزگا.

١٦. چاودێرییکردن لەسەرجەم فەرمانگەکاندا بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین، هەروەها پەیڕەوکردنی سیستمی ئەلکترۆنیی لەسەرجەم فەرمانگەکاندا.

١٧. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بودجەی پێویست لە هەر پڕۆژەیەك بۆ ئامادەکردنی دیزاین و ئامادەکردنی پڕۆپۆزەڵ.

١٨. چاودێریی ڕێکخستنی بازاڕ لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکاندا.

١٩. چاودێریی و بەدواداچونی کاروباری کشتوکاڵیی و ئاودێریی و پەرەپێدانیان لەسنووری پارێزگادا.

٢٠. بەدواداچونی کاروباری گوندەکانو گەشەپێدانیان و کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی جووتیاران و گوندنشینان.

٢١. چاودێریی بەدواداچوونی کاروباری سامانی ئاژەڵ و پەلەوەرو ماسی، هەروەها چاودێریی پەرەپێدانی دروستی سامانی ئاژەڵ و کاروباری پزیشکی ڤێتێرنەری.

٢٢. هەوڵدان بۆدابینکردنی ئامێر و کەرەستە و پێداویستییە کشتوکاڵییەکان و چاودێریی دابەشکردنیان.

٢٣. سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبونەوەی کارەسات و ڕووداوە زیانبەخشەکان بەکشتوکاڵ ودارستان بە هۆی هۆکارو ئامێر و کەرەستە زەمینیی و هەواییەکان و قەرەبووکردنەوەی جووتیاران.

٢٤. چاودێرییکردن و کارکردن بۆدابەشکردنی بەشە ئاوی ئاودێریی بەدانانی پلانی گونجاو و دروستکردنی کەناڵ و جۆگە و هەرهۆکارێکی دیکە کەڕێگە لە بەفیڕۆچوونی ئاوی ئاودێریی دەگرێت.

٢٥. هەوڵدان بۆ دروستکردنی کارگەی پیشەسازیی کشتوکاڵی و لە قوتوونانی پێویست بەپێی تایبەتمەندیی ناوچەکان.

٢٦. پێشنیاز بۆ بەستنی سمینار و کۆنفرانسی کشتوکاڵی و چاودێرییکردنی بڕیارەکانی.

٢٧. هاندان و پاڵپشتیی بەروبوومی ناوخۆیی و ڕەخساندنی دەرفەت بە مەبەستی ساغکردنەوە و هەناردەکردنی.

٢٨. کارکردن بۆ کردنەوەی سایلۆ لەناوچەکاندا بەگوێرەی پێویست.

٢٩. ڕێکخستنی بەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی و زێ و کارێزو ئەستێلەکانو... کارکردن بۆ دروستکردنی بەنداو لەشوێنە گونجاوەکانداو چاودێرییکردنی ئاوی هەڵگیراوو کۆکراوە بەشێوەیەکی دروست.

**٣٠. کـــارکردن بـــۆ ڕێگەگـــرتن لە داگیرکـــردن و خـــراپ بەکارهێنـانی زەویـیە کشـتوکاڵییەکان و لابردنـی زیـادەڕەویی لەسەریان، هەروەها لێکۆڵینەوەی زانستیی پێویست لەسەر زەوییە کشـــــتوکاڵییەکان بکرێـــــت و بەپێـــــی تایبەتمەنـــــدییان پەرەیانپێبدرێت.**

**٣١. بەرگرییکردن لەمافی جووتیاران بەپێی یاساو ڕێنماییەکان و هەوڵدان بۆ کاراترکردنی بانك و قەرزی کشتوکاڵیی.**

**٣٢. چاودێریی و بەدواداچوون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.**

**شەشەم : لیژنەی پیشەسازیی و وزە:**

**کارەکانی ئەم لیژنەیە چاودێریی و بەدواداچونە بۆ بەشەکانی وزە لە سامانی سروشتی و پیشەسازی و بازرگانی.**

**١. چاودێریی و سەرپەرشتی سیاسەتی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان و سامانە سروشتیەکان و وزە لە سنوری دەستەڵاتی ئەنجومەن بە هاوکاری لایەنی پەیوەندیدار.**

**٢. چاودێری زانیارییە ژمێرییارییەکان لە هاوردەو هەناردەی نەوت و غاز و سامانە سروشتیەکان.**

**٣. پێشکەشـکردنی پـڕۆژە یاسـای گونجـاو بـۆ سـنووردانان لە بەفیڕۆدانی سامانی نەوت و سامانە سروشتیەکانی دیکەو کایە بازرگانییەکان.**

٤. چاودێریی دامەزراوە نەوتیەکان و پڕۆژەکانی پەیوەندیدار بە سامانە سروشتیەکان و پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و پیشەسازی و بازرگانی.
٥. چاودێرییکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کاری دەرهێنانی سامانی سروشتیو وزە دەکەن لە سنووری پارێزگادا.
٦. بەدواداچون و چاودێریی ئەو بڕە پارانەی لە پترۆ دۆلاری نەوت و غاز دەستدەکەون.
٧. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی شاری پیشەسازیی و بازرگانیی هاوچەرخ، لەسەر بنەما ئەندازەیی و هونەریی و ژینگەییەکان بەپێی تایبەتمەندیی و سروشتی ناوچەکە.
٨. کارکردن بۆ دانانی نوێنەری پارێزگای سلێمانی لە لیژنەی باڵای نەوت و گاز لە ئەنجومەنی وەزیران وەك پارێزگایەك کەنەوتی لێدەردەهێنرێت.
٩. کارکردن بۆ دامەزراندنی کارگە لە بواری پیشەسازییە گۆڕاوەکان بەتایبەتی لەبواری پترۆکیمیاییەکان، وەك کارگەی نایلۆن و بۆیاخ و پەینی کیمیایی و(pvc) لەو ناوچانەی نەوتی تێدایە لە سنووری پارێزگادا.
١٠. کارکردن بۆ دامەزراندنی کارگەی قیر لە چەند ناوچەیەکی سنووری پارێزگادا.

١١. بەمەبەستی فراوانکردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان لەپارێزگادا هەوڵبدرێت بودجەی پرۆژە پیشەسازیەکان بەڕێژەی گونجاو زیادبکرێت.

١٢. پابەندکردنی کۆمپانیاکان بەڕاهێنان و پێگەیاندنی کادیرو کارمەندانی ناوخۆیی لە هەموو کەرتەکانی پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و سامانە سروشتییەکاندا.

١٣. کارکردن بۆ فراوانکردن و باشتر ڕێکخستنی کاری پیشەوەران و ناوچە پیشەسازییەکان بەپێی پێوەرە جیهانییەکان.

١٤. هاندانی کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزاریی خۆماڵیی لە هەموو ئەم بوارانەدا، بەپێی تایبەتمەندیی شوێنە جیاجیاکانی پارێزگا.

١٥. ئەولەویەتی کارکردن و دامەزراندن بەپێی پسپۆڕیی بدرێت بە خەڵکی ئەو ناوچانەی ئەو پرۆژانەیان تێدایە، بەشێك لەداهاتی ئەو پرۆژانەیش بۆ خزمەتگوزاریی ئەو ناوچانەو پرۆسەی پەرەپێدانی پارێزگا تەرخانبکرێت.

١٦. چاودێرییکردنی پرۆسەی مۆڵەتپێدان و تەرخانکردنی زەوی و جێبەجێکردنی پرۆژەی پیشەسازیی و وزەو بازرگانیی و دامەزراوە نەوتییەکان.

١٧. کارکردن لەسەر بنەمای کوالیتیی کۆنترۆڵ و ژینگەپارێزیی لە تەواوی کەرتە جیاجیاکانداو چاودێرییکردنیان.

١٨. چاودێریی و بەدواداچون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

**حەوتەم: لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش:**

کاری ئەم لیژنەیە چاودێریی وبەدوادچوونە لە بوارەکانی (ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن و پاراستنی شوێنەوار و وەرزش و لاوان).

١. چاودێریی و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ئەو بڵاوکراوە فەرمیانەی ئەنجومەن دەریاندەکات.

٢. هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرە مۆڵەت پێدراوەکان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی کاروچالاکییەکانی ئەنجومەن.

٣. هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ئەو بیناو شوێنە هونەریی و کەلتوریی و ئەدەبیانەی کە داگیرکراون و تەرخانکردنەوەیان بۆ بوارەکانی خۆیان.

٤. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەت بە ئەرشیفی کەلتوری و نەتەوەیی.

٥. بایەخدان بەکاری دەستیی و تەلارسازیی کوردیی لە بواری بیناسازیی و ڕستنوچنین و بوارەکانی دیکەدا.

٦. بایەخدان بەبواری چاپ و چاپەمەنیی و هەوڵدان بۆ ئەوەی سلێمانی بکرێتە شاری چاپەمەنییەکان لە ئاستی عێراق و هەرێمدا.

**٧. بایەخدان بە کتێبخانە گشتییەکان و کتێبخانەی قوتابخانەکان و پێشانگای کتێب و کتێبخانە گەڕۆکەکان.**

**٨. هەوڵدان بۆ کردنەوەی گەلەری و هۆڵی مۆدێرنی تایبەت بەبوارە هونەریی و ڕۆشنبیرییە جیاجیاکان.**

**٩. هەوڵدان بۆ سازدانی ڤیستێڤاڵی ساڵانەی ڕۆشنبیری لە سنوری پارێزگادا.**

**١٠. چاودێرییکردنی سینەماو یانەو پرۆژە هونەریی و وەرزشیەکان.**

**١١. هەوڵدان بۆ تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بە پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە پایتەختی ڕۆشنبیرییدا.**

**١٢. بڕیاردان لە ناونانی شوێنە گشتییەکان لەلایەن ئەنجومەنەوە.**

**١٣. ڕێگرتن لە هاندانی توندوتیژیی و پابەندبوون بە پاراستنی دابونەریتی ڕەسەنی کوردیی لە کارە هونەرییەکاندا.**

**١٤. بایەخدان بە کایە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانو..، هاندانی کەسانی بەهرەمەندی ئەو بوارانە.**

**١٥. بایەخدان بە زمان و ئەدەب و کەلتوری ڕەسەنی کوردیی لە هەموو چاپکراو و بڵاوکراوە و ڕیکلام و تابلۆکاندا.**

**١٦. چاودێریی کاری بەشەکانی ڕاگەیاندن لە سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگەکانی سنووری پارێزگادا.**

**١٧. گرنگیدان بە ڕۆشنبیرکردنی زیاتری گروپ و تاکەکان و فەراهەمکردنی پێداویستیە جۆربەجۆرەکانیان.**

**١٨. چاودێریی و بەدواداچون بۆکێشەکانی کایەی ڕۆشنبیری بۆ باشترکردنی تەواوی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان. هەروەها پێشنیازکردن بۆگرنگیدانی زیاتر بە تەواوی بوارە ڕۆشنبیرییەکان و فەراهەمکردنی پێداویستیەکانیان بەگوێرەی پێویستیی سەردەم.**

**١٩. بایەخدان بەتواناو بەهرەی ڕۆشنبیریی و هونەریی گەنجان و دامەزراندنی دەزگای پێویست بۆ ئەم مەبەستە.**

**٢٠. هەوڵدان بۆ کردنەوەی هۆڵ و سەنتەری ڕۆشنبیری و وەرزشی لە سەرجەم قەزاو ناحیە و شارەدێ وگوندە گەورەکاندا، هەروەها هاندانی گروپ و ڕێکخراوە هونەرییەکان.**

**٢١. بایەخدان بە پەیمانگا و ناوەندەکانی کەلەپورو ئەتنۆگرافیا و هونەر و ڕۆژنامەگەریی و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردیی.**

**٢٢. بایەخدان بەهونەری شێوەکاریی و میوزیك و شانۆ بەتایبەتیش هونەری ڕەسەنی کوردیی لە سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگاکاندا.**

**٢٣. کارکردن بۆدروستکردنی تەلارێك بەناوی تەلاری شانۆو مۆسیقاو ئۆپێراو بوارە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکان لە پارێزگای سلێمانیدا، بەسەرجەم پێداویستیەکانەوە.**

**٢٤. هەوڵدان بۆ دروستکردنی چەندین ستۆدیۆی گەورەی هاوچەرخ.**

٢٥. پاراستن و بوژاندنەوە و بایەخدانی زیاتر بە کەلتورو شوێنەوارە دێرینەکان و ئاوەدانکردنەوەیان.

٢٦. گرنگیدان بەو مۆزەخانانەی کە هەن، کارکردن بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت لە شار و شارۆچکەکاندا.

٢٧. هاندان و پێشنیازکردن بۆ پاداشتکردنی ئەو کەسانەی کە شوێنەواری کەلتوری نەتەوەیی دەگێڕنەوە بۆ حکومەت.

٢٨. هەوڵدان بۆ دروستکردنی شاری وەرزشیی لە شارە گەورەکاندا، کۆمەڵگای وەرزشیی لە سەرجەم قەزا و ناحیەکاندا، کردنەوەی گۆڕەپانی وەرزشی لە لادێکانداو کردنەوەی شوێنی یاریکردن بۆ منالان لە گەڕەکەکاندا، هەروەها نوێکردنەوەی ئەوانەی پێویستیان بەنوێکردنەوە هەیە.

٢٩. هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەرو خوێندنگای وەرزشیی و پیشەیی بۆ فێرکردن و ڕاهێنان و هاندان و پەرەپێدانی لاوان بەپێی تەمەن و ڕەگەزی خۆیان.

٣٠. بایەخدان بە بواری وەرزشیی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و وەرزشی تایبەت بۆیان لە سنووری پارێزگادا.

٣١. هەوڵدان بۆ کارکردن بۆ ناردنی یەکەمینەکان لە بوارە جیاجیاکانی وەرزشدا بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی گەشەپێدانی تواناکانیان.

٣٢. بەدواداچون بۆ گیروگرفتی یانەو بنکە وەرزشییەکان و تیپە میللیەکــان و ســەنتەرەکانی لاوان و شــوێنە وەرزشــییەکان و چاودێریکردنیــان و هاوکاریکردنیــان بەمەبەســتی پەرەپێــدانی تواناکانیان.

٣٣. چاودێری و بەدواداچون بۆ هێنانەکایە و بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

### هەشتەم: لیژنەی پەروەردەو ئەوقاف:

ئەم لیژنەیە کاردەکات لەسەر چاودێریی و پەرەپێدانی خوێندن و فێرکردن و کاروباری ئاینیی.

١. چاودێریی و بەدواداچونی ئەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە بواری پەروەردەوە هەیە بۆ هەموو قۆناغ و بەرنامەکانیان بە خوێندنگا حکومیی و تایبەتیی و ئەهلییەکانیشەوە.

٢. هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە پەروەردەییەکان و ڕێکخراوەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان و کادیرانی پەروەردەیی.

٣. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی خوێندنی بنەڕەتیی وەك مەرج بۆ هەموو خوێندکاران و...، پەرەپێدانی خوێندنی(الزامي).

٤. بایەخدانی زیاتر بە خوێندن و قوتابخانە و خوێندنگای قەزا و ناحیە و گوندەکان.

٥. بەرگریکردن لە مافی مامۆستا و خوێندکار بەپێی ئەو بنەمایانەی کەیاسا دیاریکردوون.

٦. دوور خستنەوەی دەستی حیزب لە کاروباری پەروەردە و قەدەغەکردنی کاری حزبی لە خوێندنگاکاندا.

٧. هەوڵدان بۆ دروستکردنی باخچەی ساوایان و قوتابخانە و خوێندنگا لە هەموو ناوچەکان بەپێی پێویست، هەروەها کارکردن بۆ کۆتایی هێنان بە (سێ دەوامیی) لە ڕێگەی زیادکردنی بینای قوتابخانە و خوێندنگاوە.

٨. هەوڵدان بۆ کردنەوەی هۆڵی وەرزشیی و کافتریاو هۆڵی کۆمپیوتەرو تاقیگە وکتێبخانەو مەلەوانگەو باخچە لەسەرجەم قوتابخانە و خوێندنگاکاندا.

٩. هاندانی دەزگا پەروەردەییەکان بۆ پەیڕەوکردنی پسپۆڕێتیی لەوتنەوەی وانەکان و بەرزکردنەوەی تواناو شارەزایی مامۆستایان، ڕەخساندنی هەل بۆ ئەو مامۆستایانەی دەیەناوێت درێژە بەخوێندن بدەن.

١٠. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازیی لە نێوان خوێندنگا حکومیی و ئەهلییەکانداو پەرەپێدانی زیاتری خوێندنگا حکومییەکان.

١١. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتیی و دەرونیی بۆ سەرجەم قوتابخانە و خوێندنگاکان.

١٢. هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی دروست لەنێوان مامۆستاو خوێندکاردا و بەستنی کۆڕ و سیمینار و کۆبونەوەی ساڵانە لەو بارەیەوە.

١٣. گرنگیدان وچاودێریی و بەدواداچونی کاروباری ئاینیی و مزگەوت و شوێنەکانی پەرستن و مامۆستایانی ئاینیی و بۆنە ئیسلامییەکان و هۆڵی پرسەکان.

١٤. گرنگیدان بەخوێندنگا ئاینییەکان وچالاککردنیان.

١٥. دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنییە ئاینییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بەمەبەستی سوود وەرگرتن بۆ پەیداکردنی پشتگیریی بۆ پرسە نەتەوەییەکان.

١٦. پێشکەشکردنی پرۆژەی گونجاو بۆ هاوکارییکردنی پێویستی سەرجەم ئاین وئاینزاکانی سنوری پارێزگا.

١٧. دانانی پرۆژە و بەرنامە بۆ یەکخستنی گوتاری ئاینی و پێکەوە ژیانی نێوان سەرجەم ئاینەکان.

١٨. بەستنی کۆڕو سیمینارو کۆبونەوە و وۆرك شۆپی تایبەت بەهۆشیاریی گشتیی بۆ دوورکەوتنەوە لە بیری توندوتیژیی و خورافیات.

١٩. دیاریکردنی بودجەیەکی ساڵانە لەبودجەی پارێزگا بۆ نوێکردنەوەی شوێنە ئاینیەکان.

٢٠. چاودێریی وبەدواداچونی کاروباری فەرمانگەکانی ئەوقافی سنوری پارێزگا.

٢١. هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ دەزگا ناوخۆییە ئاینییەکانو ڕێکخراوی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی بۆ زیاتر خزمەتکردنی مامۆستایانی ئایینی.

٢٢. گرنگیدان بە گەشتوگوزاری شوێنە ئایینییەکان و مزگەوت و شوێنەکانی پەرستن و شوێنەوارە ئایینییەکان.

٢٣. هەوڵدان بۆ کردنەوەی هۆڵی پرسەی ژنان هاوشان لەگەڵ هۆڵی پرسەی پیاوان.

٢٤. چاودێریی و بەدواداچون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

**نۆیەم : لیژنەی شەهیدان ، ناوخۆ ، پەیوەندییەکان:**

کارەکانی ئەم لیژنەیە چاودێریی و بەدواداچونە لەسەر کاروباری شەهیدان و ناوخۆ و پەیوەندییەکان.

١. هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەر و نەخۆشخانەی تایبەت بە کەسوکاری شەهیدان و چارەسەرکردنیان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

٢. هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی بەرشاڵاوەکانی ئەنفال کەوتون بەپلانێکی ستراتیژیی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی، بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەیان.

٣. ئەولەویەت بدرێتە کەسی (پلە یەك)ی خێزانی شەهیدان لەڕووی دامەزراندن و ماف و ئیمتیازاتەوە، هەروەها بەڕێکردنی

کاروبارەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان کەسوکاری شەهیداندا.

٤. هەوڵدان بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆیان.

٥. هەوڵدان بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی کیمیاییباران و جینۆساید.

٦. گفتوگۆکردن لەپلانی ئاسایشی سنوورەکە کە لەلایەن لیژنەی ئاسایشی بالاوە پێشکەشدەکرێت، بەمەبەستی پەسەندکردنی.

٧. چاودێریی پلانی ئاسایشی پارێزگا لەسەرجەم یەکە ئیدارییەکانی سنوری پارێزگادا، لەدوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنەوە.

٨. چاودێرییکردنی بارودۆخی ئاسایش لەپارێزگادا بە هەماهەنگیی لەگەڵ دەزگا تایبەتمەندەکان، ڕاپۆرتی پێویست لەو بارەوە بخرێتە بەردەم ئەنجومەن.

٩. چاودێریی کاری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرگریی شارستانیی لەئەفسەر و کارمەندانیان لەپارێزگادا.

١٠. پەسەندکردنی پێشنیاز بۆکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس و بازگەکان، بازگەکان بەشێوەیەکی نوێ بنیاتبنرێنەوەو سیمای جوانیی هەرێم نیشانی هاوولاتیان و گەشتیاران و میوانان بدەن.

١١. چارەسەرکردن و بەدواداچون و گوێگرتن لە سەرنج وگرفت و داواکاریی کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش و بەرگریی شارستانی.

١٢. هاندانی زیاتری ژنان بۆ بەشداریکردن و کارکردنیان لەم کەرتانەدا.

١٣. قەدەغەکردنی هەموو ڕێکخستنێکی حیزبی لەناو ئەم کەرتانەدا لە کاتی دەوامیی فەرمیداو ڕێگرتن لەوەی فەرمانگەکانیان بۆ کاروباری حیزبی بەکاربهێنرێت.

١٤. چاودێرییکردنی گرتووخانەکان.

١٥. هەوڵدان بۆ ڕاهێنان و پەرەپێدانی زیاتری پلەدارو کارمەندانی ئەم کەرتانە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا. هەروەها هەوڵدان بۆ دابینکردنی کەلوپەلی مۆدێرن بۆ خێراترکردن و باشترکردنی کارو چالاکییەکانیان.

١٦. بەدواداچونی کاروباری ئەندامان لە دامودەزگاو دامەزراوە حکومیەکاندا.

١٧. کارکردن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی ئەندامان بەسوود وەرگرتن لەڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەپێی پسپۆڕیی و ئەزمونی ئەندامان و تایبەتمەندیی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

١٨. گرنگیدان بەدروستکردنی پەیوەندیی توندوتۆڵ و هاوسەنگ لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای پاراستنی هاوسەنگی و ڕێزگرتنی بەرامبەر.
١٩. گرنگیدان بەڕاگرتنی پەیوەندیی ئەنجومەن لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم و وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومیەکانی هەرێم و لایەنە سیاسیەکاندا.
٢٠. گرنگیدان بە پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانی کە لە عێراق و کوردستاندا کاردەکەن.
٢١. فەراهەمکردنی دەرفەتی کارکردن بۆ ڕێکخراوە مەدەنیەکان و پێشنیازکردن بۆ پێشکەشکردنی هاوکاریی بۆیان لەکاتی پێویستدا.
٢٢. ڕێکخستنی ئامادەبوونی چاودێران (هاوولاتیان، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوە ناحکومیەکان).
٢٣. هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکانی ئەنجومەن و ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیکەی هەرێم بۆ بەستنی کۆنفرانس و سمینار و ۆرکشۆپ و دیبەیت و کۆبونەوەی جەماوەریی.
٢٤. کارکردن لەسەر پاراستنی مافی مرۆڤ و بەرگریی لێکردنی و هەوڵدان لەپێناو ئاگاداربوون لە بەندەکانی جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ و یاساو بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان و هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢٥. کارکردن لەسەر بەدواداچوونی گیراو و دەستبەسەرەکان و ڕاگوێزراوەکان و بەتەنگەوەچوونی مافە تایبەتییەکانیان هەروەها هاوئاهەنگیی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداردا.

٢٦. دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکان بەمەبەستی پەرەپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

٢٧. هەوڵدان بۆ دروستکردنی کەمپی تایبەت بەئاوارەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان بەجۆرێك کاریگەریی لەسەر سروشتی دیموگرافیی ناوچەکان نەبێت و نەبێتە هۆی خراپبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

٢٨. چاودێرییکردنی ئەو کۆمەك و هاوکارییانەی پێشکەش بە ئاوارەو پەناهەندەو ڕاگوێزراوەکان دەکرێن.

٢٩. بەدواداچوونی هەر پێشێلکارییەك کە دەرهەق بە مافەکانی مرۆڤ دەکرێن لە سنووری پارێزگادا.

٣٠. هەوڵدان بۆ دابینکردنی گەنجینەو شوێنی پێویست بە پێداویستیی مرۆیی بۆ کاتی کارەساتە سروشتیی و مرۆییەکان بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

٣١. چاودێریی و بەدواداچون بۆ هێنانەکایەو بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانی دیکەی تایبەتمەند بە لیژنەکە.

**ب- لیژنە کاتییەکان:**

هەرلیژنەیەکی دیکەیە کە ئەنجومەن بەپێویستی بزانێت و تایبەت بێت بە بواری کێشە لە ناکاوەکان و ڕووداوە کتوپڕەکان وەك: کارەساتە سروشتیەکان و دەستکردەکان، ئەمەش لەڕێگەی دروستکردنی لیژنەی کاتییەوە.

## ماددەی (٣٢):

لیژنەکان: لەکاتی پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان ڕەچاوی ویست و تایبەتمەندیی و پسپۆڕیی ئەندامان دەکرێت.

## ماددەی (٣٣):

هەرلیژنەیەکی هەمیشەیی ئەنجومەن لەکۆمەڵێك ئەندام پێکدێت کە ژمارەیان لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت، پێویستە ئەنجومەن دەنگی لەسەربدات و بەزۆرینەی دەنگ لیژنەکان پەسەند دەکرێن.

## ماددەی (٣٤):

**یەکەم:** پێویستە هەر ئەندامێك خۆی بۆ دوو لیژنەی هەمیشەیی بپاڵێوێت.

**دووەم:** سەرۆکی لیژنەی هەمیشەیی خۆی تەرخان دەکات بۆ کارەکانی لیژنەکەی و نابێتە ئەندام لە هیچ لیژنەیەکی دیکەدا.

**سێیەم:** دەستەی سەرۆکایەتیی ناوی پاڵێوراوان دەخەنەڕوو کەخۆیان پاڵاوتووە بۆ لیژنەکان و ئەنجومەن دەنگیان لەسەر دەدات، هەر پاڵێوراوێك دەنگی زۆرینەی بەدەستهێنا بەبڕاوە دادەنرێت.

**چوارەم:** لیژنەکان لەسەر بڕیاری سەرۆك لیژنە کۆدەبنەوە و لە ڕێگەی بڕیاردەری لیژنەوە ئەندامەکانی بانگهێشتی کۆبونەوەی لیژنەکە دەکرێت.

**پێنجەم:** لە کاتی ئامادەنەبوونی بڕیاردەر، سەرۆك ئەندامێکی لیژنە ڕادەسپێرێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان لەو کۆبونەوەیەدا، بڕیارەکانیش بە زۆرینە دەبێت.

## ماددەی (٣٥):

**یەکەم:** لیژنە بۆی هەیە بانگهێشتی هەر ئەندامێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بکات بۆ دەربڕینی بۆچوونی لەو بابەتانەی خراوەتە بەردەمی و بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت و، بۆی هەیە بانگهێشتی هەر فەرمانبەرێکی حکومی و ناحکومی یان شارەزا یان تایبەتمەند بکات بە ئاگاداری بەرپرسەکەی بۆ وەرگرتنی بیروبۆچوونیان.

**دووەم:** هەمــــوو ئەنــــدامێکی ئەنجــــومەن مــــافی ئەوەی هەیە لە کۆبوونەوەکــــانی هەر لیــــژنەیەك ئامادەبێــــت بە ڕەزامەنــــدیی سەرۆکی لیژنەو بۆی هەیە بۆچوونی خۆی لەسەر بابەتەکان بدات بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**سێیەم:** دوای ئەوەی ئەرکەکانی خۆی تەواو دەکات ڕاپۆرتی لیژنە دەنووســێت، گەر پێویســتی کــرد ئەوا ســەرۆکایەتی ئەنجــومەن بابەتەکــــان بە هەمــــوو بەڵگەنامەکــــانیەوە ڕەوانەی لیــــژنەی تایبەتمەند دەکات بۆ لێتوێژینەوەیان و گفتوگۆ لەسەرکردنیان و ئامادەکردنی ڕاسپاردەی پێویست لەبارەیانەوە.

**چوارەم:** لەکاتی ئامادەنەبوونی فەرمانبەری بانگهێشتکراو بەبێ پاساوی ڕەوا ڕێکاری یاسایی و ئیداری بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

**پێنجەم:** پێویستە پێشنیاز و بڕیارەکانی هەر لیژنەیەك ناوو واژۆی ئەندامانی ئامادەبووی لیژنەکەی لەسەر بێت.

**شەشەم:** هەر ئەندامێکی ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە یاداشت و پــڕۆژە بەرز بکــاتەوە بــۆ ســەرۆکایەتی ئەنجــومەن بەبــێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لیژنەکەی خۆی، بەڵام بەناوی تایبەتی خۆیەوە وەك ئەندامی لیژنە.

**حەوتەم:** لەکــــاتی بەشــــداریکردنی دەســــتەی ســــەرۆکایەتی لە کۆبونەوەی لیژنەکان تایبەتمەندیی ئیداری و ئەرك و دەسەڵات و مافی لیژنەکان پارێزراو دەبێت.

**ماددەی (٣٦):**

**یەکەم:** هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی مافی پێشنیازکردنی ڕێنمایی یاسای تایبەت بەپسپۆڕییەکەی هەیە بە گوێرەی ئەو ڕێکارانەی لەم پەیڕەوەدا دیاریکراون.

**دووەم:** لیژنەکان ڕاسپاردە و ڕاپۆرتەکانیان بەزۆرینەی سادە وەردەگرن.

**سێیەم:** لیژنەکان ڕاسپاردە وەرگیراوەکان بۆجێگری سەرۆکی ئەنجومەن بەرزدەکەنەوە ئەویش لە ڕێگەی خۆیەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزدەکاتەوە .

**چوارەم:** دەکرێت لەنێوان دوو لیژنە یان زیاتردا کۆبوونەوە ڕێکبخرێت، هەروەها لەنێوان لیژنە هەمیشەیی و کاتییەکان بۆ وەرگرتنی سەرنجی یەکدی لەو بابەتانەی پێویست دەکات، لەو کاتەدا بەتەمەنترین سەرۆکی ئەو دوو لیژنەیە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە دەکات بە هەمان شێوە سەبارەت بە جێگر و بڕیاردەریش.

**پێنجەم:** لیژنەکان لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتیەوە داوا لە لایەنی فەرمیی و نافەرمیی دەکەن بۆ وەرگرتنی داتاو زانیاری و هەر بەڵگەیەك پێویست بێت.

**شەشەم:** سەرجەم لیژنەکان پێویستە چاودێریی و بەدواداچوونی پاراستنی هاوسەنگیی لەنێوان خۆیان و لیژنەکانیدیکەدا، هەروەها لایەنە فەرمیی و نافەرمییەکان لەسنوری دەسەڵاتی

ئەنجومەن بکەن لەلایەنی پیادەکرنی دەسەڵاتی یاسایی و پسپۆڕێتیانەوە.

**حەوتەم:** سەرجەم لیژنە هەمیشەییەکان بە پلان و بەرنامەی کارو ڕۆژژمێرێکی ساڵانەی تایبەت بە خۆیان پابەند دەبن کە ئەو کاروبارانەی لە ماوەی سێ مانگدا دەیکەن بە پشتبەستن بە شارەزایی لەم پەیڕەوەدا هاتووە کار لەسەر نوێکردنەوەی دەکەن.

**هەشتەم:** لیژنە هەمیشەییەکان کۆنووسی دانیشتنەکان و ڕاپۆرتەکانیان مانگانە بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجومەن پێشکەش دەکەن بە شێوەیەك لە کۆبوونەوەیەك کەمتر نەبێت لە مانگێکدا.

**نۆیەم:** لیژنەکان مافیان هەیە لە ڕێگەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەوە داوا لە فەرمانگە فەرمیی و ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو پێشکەشیان بکات بەڕێکاری ئیداریی.

**دەیەم:** ئەگەر ئەو لایەنانەی کە لەسەرەوە باسکران ئامادەنەبوون بە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنەکان ئەو کاتە لەڕێگەی سەرۆکی ئەنجومەنەوە لایەنی پەیوەندیداری لێئاگاداردەکرێتەوە و ئەنجومەن هەڵوێستەی جدیی لە سەردەکات و بە پێشێلکاریی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٣٧):**

**یەکەم:** سەرۆك هەموو سکاڵاو پرۆژەو پێشنیازو داوایەك بەسەرجەم دۆکۆمێنت و پاشکۆکانیەوە ڕەوانەی لیژنەکان دەکات بۆ توێژینەوە و...، پێویستە لیژنەکان هەموو ئەو بابەتانەی کە دەبرێنە لایان بەپێی ڕۆژی گەیشتنیان ڕیزبەندییان بۆ بکەن و وەڵامەکانیان بە ڕاپۆرت پێشکەشی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن دەکەن بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم سەرۆکی ئەنجومەن، دواتر بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ بڕیاردان.

**دووهەم:** لیژنە کۆنووسی دانیشتنەکان ڕێکدەخات، کات و شوێن و ناوی ئەندامە ئامادەبوو و ئامادەنەبووەکان و ئەو گفتوگۆیانەی تیایدا ئەنجامدەدرێن جێگیردەکات و...، بڕیارەکانی بە زۆرینە دەردەکات و لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت کە دەنگی سەرۆکی لیژنەی لەگەڵدایە.

**سێیەم:** لیژنەکان خۆیان کات و شوێنی کۆبونەوە دیاریدەکەن و کاروباری خۆیان بە پێی تایبەتمەندیی ئیشەکانیان ڕێکدەخەن.

**چوارەم:** ئەگەر لیژنە بەبێ پاساوی گونجاو نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات، بەپێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەن و بەدەنگی (دوو لە سەر سێ)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن گۆڕانکاری لە پێکهاتەی لیژنەکەدا دەکرێت.

**پێـــنجەم:** ئەگەر دەرکەوت هــۆی دواکەوتنـــی بەڕێوەچـــوونی کارەکانی لیژنەیەك کەمتەرخەمیی نواندنی سەرۆك یان جێگر یــان بڕیــاردەر یــان هەر ئەنــدامێکی بــوو، ئەوا بە پێشـنیازی (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی لیژنەکە داوادەکرێت ئەندامێکی دیکە جـێگەی بگـرێتەوە و ئەنجـومەن بە زۆریـنە ڕەهـا بڕیـاری لەسـەر دەدات.

## ماددەی (٣٨):

**یەکەم:** لیژنەی کاتیی دەسەڵاتی دەرخستنی ڕاستیەکانی هەیە، بـۆ ئەو بابەتـانەی پێـی ڕاسـپێدراوە بـۆی هەیە ڕاوێـژ بە کەسـانی شارەزا بکات و بە ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیی خەرجی و کرێـــی ئیشـــەکەیان دیـــارییبکەن، بـــۆی هەیە بانگهێشـــتی هەرکەسێک بکات بۆ گوێگرتن لە قسەکانی و...، مافی ئەوەی هەیە سـەیری هەمـوو ئەو بابەتـانە بکـات کە پەیوەندیـدارن بە دۆسێکەوە لەسنوری دەسەڵاتەکانی ئەنجومەندا.

**دووهەم:** لیـژنە دوای تەواوکردنـی کارەکـانی، ڕاپـۆرتی ئەنجـام و ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتیی دەکات.

**سـێیەم:** پێکهێنـانی لیـژنەی کـاتیی کە ئەنجـومەن بەپێویسـتی بزانێــت بەڕەزامەنــدیی ئەنــدامان و لەســەر پێشــنیازی دەســتەی ســەرۆکایەتی یــان ئەنــدامان دەبێــت، یــان لەڕێــی ســەرۆکی ئەنجـومەنەوە دەبێـت بەڕاوێژکـردن بە دەسـتەی سـەرۆکایەتی و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لەکاتی پێویستدا.

## ماددەی (٣٩):

بڕیاردان لە ناو لیژنەکاندا بە زۆرینەی ڕەها دەبێت و ئەو ئەندامانەی پێشنیازی لیژنەکان پەسەندناکەن پابەندن بەوەی تێبینی خۆیان لەسەر کۆنووسی لیژنەکان بە ڕاشکاوانە دیاریبکەن و دواتر ئەنجومەن بۆی هەیە کۆنووسەکان پەسەند بکات یان پەسەندی نەکات، لە باری دووەمدا داوا دەکرێت کە لیژنەکان بە کۆنووسەکانیاندا بچنەوە بە پێی ئەو پێشنیازانەی ئەنجومەن بۆیان ئامادە دەکات، ئەگەر لیژنەکان سوربوون لەسەر بڕیاری پێشویان ئەنجومەن بۆی هەیە بە زۆرینەی (دوو لەسەر سێ)ی ئەندامانی بڕیار لەسەر کۆنووسی لیژنەکان بدات بەپەسەندکردنی یان پەسەندنەکردنی.

## ماددەی (٤٠):

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن بەر لە پێشکەشکردنی پێشنیازو پڕۆژە یاساو بڕیارە ناوخۆییەکان دەبێت پابەندبن بە ڕێوشوێنە یاساییەکان و دانانی بەگوێرەی ئەم هەنگاوانە:

**یەکەم:** ئامادەکردنی لیستێك لە پڕۆژەیاسا پێشنیازکراوەکان بە گوێرەی پێویستییە کۆمەڵایەتیەکانی لە سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەن.

**دووەم:** ئامادەکردنی پڕۆژەیاسا یان پەیڕەو و یان بڕیار بە پشتبەستن بە ئەنجامی ڕاپۆرتی بەدواداچوون کە لەڕێگەی

چەسپاندنی پێوەرەکانی داڕشتنی یاساو پەیڕەو و بڕیار لە ڕووی زمانەوانی و بەهەماهەنگی لە ڕێگەی لیژنەی یاسایی و ڕێنمایی لایەنی پەیوەندییدار و بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بۆکاری پێویست.

**ماددەی** (٤١):

سەرۆکی ئەنجومەن پێشنیاز و پڕۆژە یاساییە لۆکاڵیی و بڕیارەکان دەدات بەلیژنەی یاسایی ئەنجومەن بۆ تاوتوێکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرت دەربارەی پرۆسەکە بۆ ئەنجومەن کەدەشێ ئەنجومەن پەسەندی بکات، یان دوای بخات، یان ڕەتیبکاتەوە.

**ماددەی** (٤٢):

دانیشتنی لیژنەکان نهێنیی دەبن و نابێت جگە لە ئەندامانی و ئەندامانی ئەنجومەن و ئەوانەی وەك ڕاوێژکاران و شارەزایان کار لە لیژنەکەدا دەکەن، کەسی دیکە ئامادەبێت تەنها بە ڕەزامەندیی سەرۆکی لیژنە نەبێت.

**ماددەی** (٤٣):

پێویستە لەسەر هەر لیژنەیەك ڕاپۆرتێك لەسەر ئەو بابەتەی بۆی نێردراوە پێشکەش بە ئەنجومەن بکات، ڕاپۆرتەکە ئەو ڕێوشوێنانەی گرتوویەتەبەرو ئەو هۆیانەی پشتی پێبەستوون لە

بۆچوونەکەیدا لەخۆ بگرێت، دەقی یاساکان و ئەو ڕوونکردنەوانەی پشتی پێبەستوون هاوپێچ بکات، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا بۆچوونی ئەوانەی نەیار یان بەرهەڵستکاربوون لەسەر بابەتەکە بنووسرێت.

## **ماددەی** (٤٤):

لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی بە دەقێکی تایبەت لەم بارەیەوە دێت، پێویستە لیژنە لەماوەی (دوو بۆ چوار هەفتە) لە ڕۆژی پێڕاسپاردنی بابەتەکە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەن بکات، ئەگەر ئەنجومەن کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان نەکردبێت، ئەگەر کاتەکە تێپەڕیی و لیژنە ڕاپۆرتەکەی پێشکەش نەکرد، سەرۆک بۆی هەیە داوا لە سەرۆکی لیژنە بکات هۆی دواکەوتنەکە ڕوون بکاتەوەو کاتێکی گونجاو دیاریبکات بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە، کێشەکە بخاتە بەردەم ئەنجومەن.

## **ماددەی** (٤٥):

پێویستە لەسەر ئەندام پابەندبێت بە پەیڕەوی ناوخۆ و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنەوە، ئەگەر پابەندنەبوو سەرۆکی ئەنجومەن ئەندامەکە ئاگادار دەکاتەوە، لە حاڵەتی دووبارە پابەندنەبوون، ئەوا سەرۆک ئەو دەسەڵاتانەی کە پەیڕەو پێیداوە بەکاردەهێنێت لەبەرانبەر ئەندامەکە.

## بەشی سیانزدەیەم
## ڕێوشوێنە کارگێڕیی و داراییەکان

**ماددەی** (٤٦):

ئەو ئەنـدامەی بێبەشـکراوە لە بەشـدارییکردن لە کارەکـانی ئەنجـومەن بـۆی هەیە داوای وەسـتاندنی بڕیـارەکە بکـات ئەویـش بەوەی نووسـراوێك پێشـکەش بە سـەرۆکی ئەنجـومەن بکـات و داوای لێبـوردن بە نووسـین بکـات، ئەمەش لە ئەنجـومەن دەخوێنـدرێتەوەو ئەنجـومەن دوا بڕیـاری خـۆی بە زۆریـنە بەبـێ گفتوگۆ دەدات.

**ماددەی** (٤٧):

ئەنجومەن بودجەیەکی سەربەخۆی خۆی هەیە کە خەرجیەکانی ئەنجومەن لە خۆدەگرێت، بەجۆرێك وەلامدەرەوەی پێویستیەکانی بێت بۆ بەردەوامبوونی کاری ڕۆژانەی ئەنجومەن.

**ماددەی** (٤٨):

**یەکەم:** ئەنجـومەنی پارێزگـا سیسـتمی ژمێریـاری پشتپێبەسـتراو بەکاردەهێنێت.

**دووەم:** ژمێریاریی ئەنجومەن دەکەوێتە بەر چاودێریکردنی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمدا.

## ماددەی (٤٩):

پێویستە ئەم ڕێگایانە بگیرێنە بەر بۆ ئامادەکردنی بودجەی ئەنجومەن:

**یەکەم:** بەشی ژمێریاریی ئەنجومەن ڕەشنووسی بودجەی ئەنجومەن لەڕووی هونەرییەوە ئامادە دەکات.

**دووەم:** لیژنەی تایبەتمەند ڕەشنووسی بودجە پێشکەش بەلیژنەی کارگێڕیی‌و دارایی وئابووریی دەکات بەمەبەستی تاوتوێکردن و گەیاندنی بەڕەشنووسی کۆتایی و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی پوخت.

**سێیەم:** لیژنەی تایبەتمەند ڕەشنووسی کۆتایی بودجە و ڕاپۆرتەکەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی بەرزدەکاتەوە بۆ بینینی لەلایەن ئەنجومەنەوە و گفتوگۆ لە سەرکردنی.

**چوارەم:** ئەنجومەن دەتوانێت داوا لەبەشی ژمێریاریی بکات بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بڕگە و بەندەکانی بودجە.

**پێنجەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە لەدوای گفتوگۆی ڕەشنووسی بودجە، پەسەندی بکات و ڕەوانەی وەزارەتی دارایی بکات بە ڕەچاوکردنی پەیڕەو و ڕێنماییە داراییەکان.

## ماددەی (٥٠):

**یەکەم:** دەستەی سەرۆکایەتیی بەڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەن، دەتوانێت لەناو ئەندامەکانی نوێنەری خۆی بۆ دەرەوەی پارێزگا یان دەرەوەی هەرێم یان دەرەوەی عێراق بنێرێت، بۆ کارێك کە

پەیوەنـــــدیی بەپســـــپۆڕی و کـــــارەکەیەوە هەیە، ڕەچـــــاوی تایبەتمەندێتیی لیژنەکـان دەکرێـت. ئەنجـومەن دەتوانێـت داوای نـــوێنەر و کەســـایەتیی دەرەوە بکـــات بەشـــێوەی گرێبەســـت و گـــۆڕینەوەی بۆچـــوون و پێشـــنیازەکان ســـەبارەت بە بـــابەتە جۆراوجۆرەکان.

**دووەم:** لە هەمـوو ئەو لیـژنە پسـپۆڕیی و تایبەتمەنـدانەی پارێزگـا دەیـــانێرێتە دەرەوە، نـــوێنەری ئەنجـــومەن بەپێـــی تایبەتمەنـــدیی لیژنەکان و پسپۆڕییان بەشداردەبن.

## ماددەی (٥١):

هیچ کەس و هێزێکی چەکدار، بۆیان نییە بەچەکەوە بێنە ناو تەلاری ئەنجومەنی پارێزگا.

## ماددەی (٥٢):

شـــارەزایان و ڕاوێژکـــاران پەیوەســـتن بەدەســـتەی ســـەرۆکایەتی و بەرپرســـیارن لەبەردەمیـــدا لەپێشکەشـــکردنی ڕاوێژکـــاریی و شارەزایی بۆ ئەنجومەن و لیـژنە هەمیشـەییەکان و...، ئامـادەکردنی ڕاپـۆرت و تـوێژینەوە کە پەیوەندیـدارن بەکارەکانی ئەنجـومەن و تایبەتمەنـــدیەکانیان و هەرکاروبـــارێکی دیـــکە کەدەســـتەی ســـەرۆکایەتیی داوایـــان لێـــدەکات، دەســـتەی ســـەرۆکایەتییش بەرپرسیارن لەبەردەمی ئەندامانی ئەنجومەندا.

## ماددەی (٥٣):

پەیکەری ڕێکخستنی کارگێڕی و دارایی ئەنجومەن بەکۆی دەنگی ئەندامانی ئەم خولەی ئەنجومەن پەسەندکراوەو هاوپێچی ئەم پەیڕەوە کراوە، هەر کاتێک پێویستی کرد ئەنجومەن بۆی هەیە لە سەر پێشنیازی دەستەی سەرۆکایەتیی، یان لەسەر داوای پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن و بەڕەزامەندیی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان، پێشنیازی هەمواری پەیکەری ڕێکخستنی کارگێڕی و دارایی ئەنجومەن بکاتەوە.

## ماددەی (٥٤):

### ئەنجومەنە خۆجێییەکان (قەزا، ناحیە)

١. ئەنجومەنی پارێزگا بەڕەزامەندی (٣/٢) دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەتوانێت هەر ئەنجومەنێکی خۆجێیی دیکە پەسەندبکات، بەمەرجێک لەڕێگای هەڵبژاردنەوە ئەندامەکانی دابنرێن، لەکاتی ئاساییدا.

٢. لەبارە ناکاوەکانیشدا ئەنجومەن دەتوانێت لەبری ئەنجومەنی خۆجێیی لیژنەی خۆجێیی دابمەزرێنێت بەمەرجێك بەفەرمانێکی پارێزگار داواکرابێتو تیایدا کات و شوێن و مەبەست و ئەرکەکان دیاریکرابن.

## ماددەی (٥٥):

سەرجەم ئەو خاڵانەی پەیوەندیان بەلەدەستدانی ئەندامێتیەوە هەیە و لەیاسای ژمارە (٣)ی هەمموارکراودا هاتوون، کاریان پێ بکرێت.

## بەشی چواردەیەم
## ئەرك ودەسەڵاتەكانی پارێزگار

**ماددەی** (٥٦):

بەپێی ماددەی نۆزدەیەمی یاساكە پارێزگار ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە.

**یەكەم:** ئامادەكردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا بەبەشدارییكردن لەگەڵ سەرۆكی فەرمانگە خۆجێیەكان و بەرزكردنەوەی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا.

**دووەم:** جێبەجێكردنی سیاسەتی گشتیی حكومەتی هەرێم لە سنووری پارێزگادا بەهاوئاهەنگیی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكاندا.

**سێیەم:** جێبەجێكردنی ئەوبڕیارانەی كە ئەنجومەنی پارێزگا بەپێی پەیڕەو و بڕیارە جێبەجێكراوەكان دەردەچوێنێت.

**چوارەم:** نوێنەرایەتیی پارێزگا دەكات لەو كۆنگرەو كۆڕ و سیمینارانەی كە بۆیان بانگهێشت دەكرێت.

**پێنجەم:** سەرپەرشتییكردنی بەڕێوەچوونی شوێنە گشتیەكان لەپارێزگادا و پشكنینیان جگە لەوفەرمانگانەی لە بڕگە (١١)ی مادده (٥)ی یاساكەدا ئاماژەیان پێدراوە.

**شەشەم:**

١. دەرچواندنی فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرانی كارگێڕییە خۆجێیەكان و تەنسیبكردنیان لەسەر ئاستی پارێزگا، لەوانەی

کە لە پلەی حەوتەم و بەرەوخوارەوەن لە پەیژەی پلەکانی فەرمانبەرێتی کە لە یاسادا هاتووە، لەوانەی کەدەپاڵێورێن لە فەرمانگە تایبەتمەندەکانی بەپێی پلانی ئەو میلاکەی لەلایەنە پەیوەندییدارەکانەوە پەسەندکراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا.

٢. چەسپاندنی فەرمانبەرە خۆجێیەکان لەسنووری پارێزگادا لەنێو پەیژەی پلەکانی فەرمانبەرێتیی کەلەیاساکەدا هاتووە.

**حەوتەم:** وەرگرتنی ڕێکاری کارگێڕیو یاسایی بەرامبەر فەرمانبەرانی کارگێڕیە خۆجێیەکان لەسەرئاستی پارێزگا.

**هەشتەم:** بەرپرسیارێتیی دابینکردنی ئاسایش و نیزام لە پارێزگادا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەرۆکی لیژنەی ئاسایشە لە پارێزگادا.

**نۆیەم:** داواکردن بۆکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی بنکەکانی پۆلیس، دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگا بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی.

**دەیەم:** پارێزگار دەتوانێت نارەزایی لەبڕیارەکانی ئەنجومەن دەرببڕێت لەم بارانەی خوارەوە:

١. ئەگەر سەرپێچیی دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکان بوو.

٢. ئەگەر سەرپێچیی پلانی گشتیی حکومەتی هەرێم یان بودجە بوو.

٣. ئەگەر لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەندا نەبوو.

**یانزدەیەم:** پارێزگار بڕیارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەن لەماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ زیاتر نەبێت، لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی، لەگەڵ هۆیەکانی ڕەخنەگرتنەکەی و تێبینیەکانیدا، ئەگەر ئەنجومەن سووربوو لەسەر بڕیارەکەی خۆی، ئەوادەبێت دادگای کارگێڕیی بڕیاری لێبدات.

**دوانزدەیەم:** پارێزگار بۆی هەیە لە دەسەڵاتەکانی خۆی بەجێگرەکانی یان قائیمقام یاخود بەڕێوەبەری ناحیە و لە هەریەك لە کاروباری یەکە کارگێڕیەکەی بدات بۆ ماوەو بابەتێکی دیاریکراو.

## بەشی پانزدەیەم
## بودجەی گشتیی پارێزگا

### ماددەی (٥٧):

داهاتی دارایی پارێزگا لەمانە پێکدێت:

**یەکەم:** ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لەناو بودجەی گشتیدا بۆ پارێزگای تەرخان دەکات.

**دووەم:** ئەو داهاتانەی دێنە دەستی لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشیدەکات و وەزارەتی دارایی لێئاگاداردەکاتەوە.

**سێیەم:** ئەو پیتاك و بەخششانەی بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران دێنە دەستی.

**چــوارەم:** ئەو داهاتــانەی کە لە فرۆشــتن و بەکرێــدانی مــاڵی گواســتراوەی دەوڵەت بەپێــی یاســا کارپێکراوەکــانی هەرێــم وەدەستی دێنێت.

**پێنجەم:** بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان.

**شەشـەم:** ئەو بـڕە پـارەیەی کە لەداهـاتی نەوت و پـترۆ دۆلارەوە بـۆ پارێزگا تەرخاندەکرێت.

## مادده (٥٨):

پارێزگا پڕۆژەی بودجەی گشتیی دەنێرێت بۆ ئەنجومەن، لەدوای گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجـومەنی پلانـدانان و گەشـەپێدان لە دوا ماوەیدا، واتە سەرەتای (تشرینی یەکەم) بۆ (ساڵی دارایی) تـایبەت، کە پێویسـتە ڕەچـاوی پێـوەرە دەسـتورییەکان لە دابەشـکردنی بـۆ ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان بەگوێرەی چڕیی دانیشتوان و پێویستیەکان بکرێت.

## ماددەی (٥٩):

### پلانی ستراتیژیی پارێزگا:

لیـژنەی هـونەریی ئەنجـومەن کە پێکـدێت لە سـێکتەرەکانی (پــــلان و پڕۆژەکــــان و ئــــاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنــــان و گەشــــتوگوزار)، بەهاوئــــاهەنگیی لەگەڵ تەواوی لیــــژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەندا، لەماوەی مانگی (کانونی دووەمی) هەموو ساڵێکدا ئامادەدەبێت بۆ پێداچوونەوە بە پلانی پەرەپێدانی

ستراتیژیی پارێزگادا، کە بە پابەندکردنی لایەنی تایبەت بە پێشکەشکردنی ئاماژەی پەیوەندیدار و واقعی خزمەتگوزاری لەپارێزگادا، جێبەجێدەکرێت.

## **ماددەی** (٦٠):

### هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان:

**یەکەم:** ئەنجومەنەکان بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، لەسەر داوای سێیەکی ئەندامان، خۆیان هەڵدەوەشێننەوە.

**دووەم:** ئەنجومەن بۆی هەیە ئەنجومەنە خۆجێیەکان بەزۆرینەی (دوو لەسەر سێ)ی ژمارەی ئەندامانی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش لەسەر داوای قائیمقام سەبارەت ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا، یاخود بەڕێوەبەری ناحیە سەبارەت ئەنجومەنی خۆجێیی ناحیە، لەم بارانەی خوارەوەدا:

١. زیان گەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێیسپێردراوە.

٢. ئەگەر مانەوەی زیانبەخشبوو بۆ بەرژەوەندیی گشتیی.

٣. ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات.

٤. لەبارێکدا کە لە دەستور لایدا، یان سەرپێچیی یاسای کرد.

**سێیەم:** بۆ ئەنجومەنە هەڵوەشاوەکان یان سێیەکی ئەندامانی هەیە کەتانووت لەبڕیاری هەڵوەشاندنەوەکە لەبەردەم دادگای کارگێڕیدا بدەن لەماوەی (١٥) پانزدە ڕۆژ لە ڕۆژی دەرچوونییەوەو دادگاش دەبێت لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا بڕیاری خۆی لەبارەی تانووتەکەوە بدات.

**چوارەم:** پەرلەمان بۆی هەیە ئەنجومەنی پارێزگا بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یان سێیەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت، ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەهۆیەکانی کەلەبڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

**پێنجەم:** لەبارێکدا کە پەرلەمان ڕەزامەندیی لەسەر پێشنیازەکە دەربڕی، وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێ لەماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لەمێژووی دەرچوونی بڕیارەکە ڕادەگەیەنرێت.

## ماددەی (٦١):

**یەکەم:** ئەم پەیڕەوە هەمواركراوە لەڕۆژی پەسەندکردنیەوە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە کارپێدەکرێت.


**دووەم:** ئەم پەیڕەوە هەمواركراوە لە بڵاوکراوەی فەرمییدا بڵاودەکرێتەوە.

## ماددەی (٦٢):

هۆکارەکانی هەمواركردنەوەی ئەم پەیڕەوە کە لە (٢٧)ی کانوونی دووەمی (٢٠١٥) دەرکراوە:

بەمەبەستی باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕیی و ئابووریی و خزمەتگوزاریەکان و چاودێرییکردنی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای سلێمانی، بەپێی مادەی پێنجەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان _ عێراق، ژمارە (٣) ی ساڵی (٢٠٠٩)ی ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە لەلایەن (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) یەوە لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٩/٢٠)دا هەمواركرایەوە.

# پەیکەری ڕێکخستنی ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی



# لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن

| یەکەم/ لیژنەی کاروباری یاسا | | |
|---|---|---|
| ١ | ئەنوەر تاهیر محەمەد صالح | سەرۆك |
| ٢ | محەمەد ڕەسول مراد | جێگر |
| ٣ | ڕەسول عبدالله ابراهیم | بڕیاردەر |
| ٤ | صباح فەتاح ئەحمەد | ئەندام |
| ٥ | خدیجە عبدالجبار ئەحمەد | ئەندام |

| دووەم/ لیژنەی پلان و پڕۆژەکان | | |
|---|---|---|
| ١ | ڕەمەزان نامق کەریم | سەرۆك |
| ٢ | ڕزگار حەمە نوری میرزا | جێگر |
| ٣ | اسماعیل عەلی محەمەد | بڕیاردەر |
| ٤ | ڕێکەوت محەمەد زەکی | ئەندام |
| ٥ | هۆشیار اسماعیل مصطفی | ئەندام |
| ٦ | زیاد کاکەڕەزا مصطفی | ئەندام |
| ٧ | کەریم عەلی کەریم | ئەندام |

| سێیەم/ لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار | | |
|---|---|---|
| ١ | بەرزان حامد سعید | سەرۆك |
| ٢ | ئەکرەم شەریف محەمەد | جێگر |
| ٣ | خدیجە عبدالجبار احمد | بڕیاردەر |
| ٤ | محەمەد عبدالوهاب عمر | ئەندام |
| ٥ | دیلمان عەزیز محەمەد | ئەندام |
| ٦ | اسماعیل عەلی محەمەد | ئەندام |
| ٧ | میدیا ئەحمەد اسماعیل | ئەندام |

| چوارەم/ لیژنەی تەندروستی و ژینگە | | |
| --- | --- | --- |
| ١ | ڕێبوار ئەحمەد مەولود | سەرۆك |
| ٢ | میدیا ئەحمەد اسماعیل | جێگر |
| ٣ | هۆشیار اسماعیل مصطفی | بڕیاردەر |
| ٤ | دیلمان عزیز محەمەد | ئەندام |
| ٥ | ئەکرەم شەریف محەمەد | ئەندام |

| پێنجەم/ لیژنەی کارگێڕی و دارایی و کشتوکاڵ | | |
| --- | --- | --- |
| ١ | کاسترۆ مەعروف ئەحمەد | سەرۆك |
| ٢ | ڕەسول عبدالله ابراهیم | جێگر |
| ٣ | صمد ابراهیم محەمەد | بڕیاردەر |
| ٤ | مینا سامی محەمەد ئەمین | ئەندام |
| ٥ | بەناز حەمەرشید حەمەسەعید | ئەندام |

| شەشەم/ لیژنەی پیشەسازی ووزە | | |
| --- | --- | --- |
| ١ | دیمەن ڕەزا ڕەشید | سەرۆك |
| ٢ | بەناز حەمەرشید حەمەسەعید | جێگر |
| ٣ | مینا سامی محەمەد ئەمین | بڕیاردەر |
| ٤ | ڕزگار حەمەنوری میرزا | ئەندام |
| ٥ | کەریم عەلی کەریم | ئەندام |

| حەوتەم/ لیژنەی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان | | |
|---|---|---|
| ١ | ئاڤان جەمال ئەحمەد | سەرۆك |
| ٢ | محەمەد عبدالوهاب عمر | جێگر |
| ٣ | هاوژین اسماعیل ابراهیم | بڕیاردەر |
| ٤ | صمد ابراهیم محەمەد | ئەندام |
| ٥ | صباح فەتاح ئەحمەد | ئەندام |

| هەشتەم/ لیژنەی پەروەردەو ئەوقاف | | |
|---|---|---|
| ١ | هاوسەر هۆشیار محەمەد | سەرۆك |
| ٢ | زیاد کاکەڕەزا مصطفی | جێگر |
| ٣ | ڕێکەوت محەمەد زەکی | بڕیاردەر |
| ٤ | ئامانج نەجیب شەمعون | ئەندام |
| ٥ | سێوە حەمەخزر ئەحمەد | ئەندام |

| نۆیەم/ لیژنەی شەهیدان و ناوخۆ و پەیوەندیەکان | | |
|---|---|---|
| ١ | نیاز ئەحمەد سەید حەمەلاو | سەرۆك |
| ٢ | سێوە حەمەخزر ئەحمەد | جێگر |
| ٣ | محەمەد ڕەسول مراد | بڕیاردەر |
| ٤ | هاوژین اسماعیل ابراهیم | ئەندام |
| ٥ | ئامانج نەجیب شەمعون | ئەندام |

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No:
Date:

ژمارە: ١٢
ڕۆژ: ٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

## بڕیاری ژمارە (١٢)

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم و یازدەهەمی هەموارکراو لە ماددەی (١٠) دەیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (٨١) هەشتاویەکی ئاسایی خۆیدا لە ڕێکەوتی (٢٠ / ٩ /٢٠٢٢) لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی پارێزگای سلێمانی بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٧/١١) و کۆبونەوەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکان لە ٢٠٢٢/١/١٦ و فەرمانی ناوخۆی ئەنجومەن ژمارە (٤٥) لە ٢٠٢٢/١/٢٣ پێکهێنانی لیژنەیەک لەکۆی فراکسیۆنەکان بەسەرپەرشتی بەڕێز (مەهدی محمود محمد) سکرتێری ئەنجومەن و دانیشتنی هەشتەمی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ ئەنجومەن بڕیاریدا بە :-

١.پەسەندکردنی هەمواری بەشێک لە ماددە و بڕگەکانی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن لە دانیشتنی هەشتەمی کۆبونەوەی ژمارە (٨١) ی ئاسایی ئەنجومەن لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٠ بە ژمارەی لیژنەکان کە (٩) لیژنەیەو پێکهاتەکەی لیژنەکان و کۆی هەموارەکە.

٢.بەدەنگی (٢٧) بیست و حەوت ئەندام پەسەند کرا.

٣. لەڕۆژی دەرچونیەوە پەسەند دەکرێت.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
٢٠ / ٩ /٢٠٢٢

kazhal

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی – ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان

## ئەندامانی لیژنەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ

| | | |
|---|---|---|
| ١ | مەهدی مەحمود محەمەد | سەرۆك |
| ٢ | اسماعیل عەلی محەمەد | ئەندام |
| ٣ | ئەنوەر تاهر محەمەد صالح | ئەندام |
| ٤ | ئامانج نەجیب شەمعون | ئەندام |
| ٥ | دیمەن ڕەزا رەشید | ئەندام |
| ٦ | ڕزگار حەمەنوری میرزا | ئەندام |
| ٧ | ڕێبوار ئەحمەد مەولود | ئەندام |
| ٨ | صباح فەتاح ئەحمەد | ئەندام |
| ٩ | مینا سامی محەمەد ئەمین | ئەندام |

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

**٢٠٢٢\٩\٢٠**

**ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان**

**کاری دیزاین و هەڵەبڕی بۆ ئەم پەیڕەوە کردووەو ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆگرتووە**